مەکتەبی سیاسی پەیامێک ئاراستەی حزب و لایەنە سیاسی و نوێنەرایەتیی وڵاتان دەکات

ئومێدەوارین بە یەکگوتار و ئیرادەی سیاسیی هاوبەش تواناکانمان یەکبخەین بۆ یەکڕیزیی و یەکدەنگیی هێز و لایەنە سیاسییەکان

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5991) یەکشەممە 23ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی سوپاسگوزاریی بڵاوکردەوە، لە پەیامەکەدا سوپاس و پێزان ئاراستەی سەرۆك و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان و سیاسەتمەدار و حزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، هەروەها سوپاسی نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەند و دامەزراوە زانستی و میدیاییەکان و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکان و نوێنەرانی پێکهاتەکان و خەڵکی بەئەمەکی کوردستان و سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکات، کە لە بیرەوەری 16ی ئاب، بە پەیام و پیرۆزباییەکانیان بەشداربوون لە بەرزڕاگرتنی 16ی ئاب، یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(دەقەکەی لە ل2 بخوێنەوە)



کورد داوا دەکات بنکەی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە سەربازگەی کەیوان دابندرێت

عەدنان کەرکووکی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووك-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: کورد داوای کردووە کە بنکەی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە سەربازگەی کەیوان دابندرێت و بەغداش داوای کردووە لە ناوچەی چیمەن دابندرێت، ئەگەر لە ناوچەی کەیوان دابندرێت، کاریگەریی زیاتر دەبێت و دەتوانن کۆنترۆڵی هەموو کەرکووك بکەن.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)




سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن ڕاگەیاند لەمیانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، بانگهێشت کراون تاوەکو هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەستپێبکاتەوە.

فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی شاندی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی لە واشنتن ئاشکرا کرد. مستەفا کازمی بەگوتەی فەوزی هەریری سوپاسی شاندەکەی کردووە بۆ ئامادەبوون و پشتگیریکردنمان لە دانوستانەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بواری جیاوازەکان، هەروەها داوای کرد بەردەوام بین لە بەدواداچوون بۆ ئەو بڕیارانەی لەو یەك دوو ڕۆژە دران.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەشێك لەو لایەنانەی دەنگیان بە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق داوە ئێستا پەشیمانبوونەتەوە و دەیانەوێ بگۆڕدرێت



دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ناوەڕاستی ساڵی داهاتووی دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، ناکۆکی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان هەیە و بەشێك لەو لایەنانەی دەنگیان بۆ داوە، پەشیمان بوونەتەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)


هەفتەی داهاتوو دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا دەستپێدەکەنەوە

فەوزی هەریری: وەزیری وزەی ئەمەریکا دووپاتیکردەوە کە بەردەوام لە پەیوەندییایە لەگەڵ مەسرور بارزانی و بەمزووانەش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

زۆرێک لەو کەسانەی بەشداربیان لە خۆپیشاندانەکەی شاری زاخۆدا کرد خەڵکی شارەکە نەبوون

ڕۆژی 19ی ئابی 2020 لە ئەنجامی خۆپیشاندانی نارەزایی بەشێك لە شوفێرە بارهەڵگرەکانی زاخۆ لە هاتنی شوفێری بارهەڵگرانی تورکیا بۆ هەرێمی کورستان، چەند لایەنێکی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی بە مەرامی تێکدانی ڕەوشەکە و دروستکردنی پشێوی و نائارامی هەوڵیاندا ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بگۆڕن، لە ئەنجامدا پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویدا و ژمارەیەك لە کارمەندانی پۆلیس و هاووڵاتیان بریندار بوون و چەند شوێنێکی گشتی و تایبەتی زیانیان بەرکەوت، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم بەیاننامەیەکی دەرکرد.

(دەقەکەی لە ل4 بخوێنەوە)




13 یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان، پێشێلکردنی دەستوورە

وتارێکی د. مەیادە نەجار



13 ڕێکخستن یاخود سانسۆرکردنی یاسای میدیای ئەلیکترۆنی

وتارێکی ئاوارە حاجی دێلۆیی



12 خەمی داهێنان شەرتە

وتارێکی حەمە کەریم عارف

ئەمشەو لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکاندا

15 بایرن میونشن لەبەردەم دوو دڵی پلانەکەیدا ڕووبەڕووی پاریس سان جێرمان دەبێتەوە



ڕاهێنەری بایرن:

کارمان بۆ ئەوە کردووە چۆن مباپی ڕابگرین



ڕاهێنەری سان جێرمان:

نایمار مێشکی بۆ بردنەوە بەکار دەهێنێت



مەکتەبی سیاسی پەیامێک ئاراستەی حزب و لایەنە سیاسی و نوێنەرایەتیی وڵاتان دەکات

ئومێدەوارین بە یەکگوتار و ئیرادەی سیاسیی هاوبەش تواناکانمان یەکبخەین بۆ یەکڕیزیی و یەکدەنگیی هێز و لایەنە سیاسییەکان



مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی سوپاسگوزاریی بڵاوکردەوە، لە پەیامەکەدا سوپاس و پێزان ئاراستەی سەرۆك و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان و سیاسەتمەدار و حزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کورستان دەکات، هەروەها سوپاسی نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەند و دامەزراوە زانستی و میدیاییەکان و کەسایەتییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکان و نوێنەرانی پێکهاتەکان و خەڵکی بەئەمەکی کوردستان و سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکات، کە لە بیرەوەری 16ی ئاب، بە پەیام و پیرۆزباییەکانیان بەشداربوون لە بەرزڕاگرتنی 16ی ئاب، یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سوپاس و پێزانیان ئاراستەی سەرۆك و سکرتێر و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکانی حزب و ئۆرگانەکانی دیکەی پارتیان لەم بیرەوەرییە شکۆدارەدا، کە هەڵگری گیانی برایەتی و هاوخەباتی بوون، مایەی سوپاسگوزاریی و پێزانینی زۆرمانە، ئومێدەوارین بە هەموو لایەك، بە یەکگوتار و ئیرادەی سیاسیی هاوبەش توانا کانمان یەکبخەین بۆ زیاتر بەهێزکردنی یەکڕیزیی و یەکدەنگیی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانمان و زیاتر چەسپاندنی دیموکراسی و پێکەوەژیان و فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا.

هاوکات دەستخۆشی و سوپاسی گەرم بە پەیام و پیرۆزباییەکانیان بەشداربوون لە بەرزڕاگرتنی ئەم یادە پیرۆزەدا.

پەیامەکانتان بۆ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی دیکەی پارتیان لەم بیرەوەرییە شکۆدارەدا، کە هەڵگری گیانی برایەتی و هاوخەباتی بوون، مایەی سوپاسگوزاریی و پێزانینی زۆرمانە، ئومێدەوارین بە هەموو لایەك، بە یەکگوتار و ئیرادەی سیاسیی هاوبەش توانا کانمان یەکبخەین بۆ زیاتر بەهێزکردنی یەکڕیزیی و یەکدەنگیی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانمان و زیاتر چەسپاندنی دیموکراسی و پێکەوەژیان و فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا.

هاوکات دەستخۆشی و سوپاسی گەرم ئاراستەی پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کادیر و ڕاگەیاندنکار و ئەندام و دۆست و جەماوەری دڵسۆزی پارتیان و سەرجەم ئۆرگانەکان دەکەین، کە وێڕای پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی تەندروستی، بە جۆش و خرۆش و گیانی پارتایەتی، سەربەرزانە یادی حزبەکەیان، بە چالاکی جۆراوجۆر و بەتایبەتی لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیاوە شکۆدار و پیرۆزتر کرد.

جارێکی دیکە سوپاسگوزاریان ڕادەگەیەنین و هیواداریین هەرچی زووە قەیران و ناخۆشییەکان کۆتاییان پێ بێت و هەر سەرکەوتووبن...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
19ی ئابی 2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی کۆچی پەیامێکی بڵاوکردەوە

هیوادارم سەری ساڵی نوێی کۆچی کۆتایی مەینەتی و گرفت و کێشەکان بۆ موسڵمانان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی یەکی موحەڕڕەم سەری ساڵی نوێی کۆچی پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزکردنی سەری ساڵی نوێی کۆچی، هاوکات هیواشی خواست کە سەری ساڵی نوێی کۆچی کۆتاییی مەینەتی و گرفت و کێشەکان بۆ موسڵمانان و کۆی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

یەکی موحەڕڕەم، سەری ساڵی نوێی کۆچی لە تێکڕای موسڵمانانی کوردستان، عێراق و جیهان پیرۆز بێت، هیوادارم ساڵی نوێی کۆچی، کۆتاییی مەینەتی و گرفت و کێشەکان بۆ موسڵمانان و کۆی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی بۆ هەموو لایەك دەخوازم.

خوای مەزن پەتای کۆرۆنا و لێکەوتە سەختە ئابووری و تەندروستییەکانی لە کۆڵ جیهان بکاتەوە، لە سایەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی، شادی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی ڕوو بکاتەوە کوردستان، کوردستانییانی ئازیز و تەواوی مرۆڤایەتی سەلامەت و پارێزراو بن.

هەموو ساڵێك بە خۆشی و لە هەموو لایەك پیرۆز بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
29 زو الحجە 1442ی کۆچی
2020/8/19

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و کونسوڵخانەی ئەمەریکا چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێکرد



لە ڕێگەی ڤیدیۆ ئۆنلاینەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و داربی پەرلەمان بەرپرسی نوێی بەشی سیاسی و ئابووریی کونسوڵخانەی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێی چەند پرسێکی سیاسی و دیپلۆماسیان کرد، هاوکات جەختکرایەوە لەسەر پاڵپشتییەکانی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوە ئۆنلاینەکەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و بەرپرسی نوێی بەشی سیاسیی کونسوڵخانەی ئەمەریکا ئاڵوگۆڕی دیدگایان کرد لەبارەی کۆمەڵێك پرسی پەیوەست بە سەردانی شاندی باڵای عێراقی فیدراڵ بە بەشداری شاندێك لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ واشنتۆن و پەیوەندییەکانی نێوان عێراقی فیدراڵ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، دیالۆگ و ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بەشە بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا دیدگای هەردوولا لەسەر تەوەرەکان گفتوگۆیان لەسەر کرا و ڕاوبۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوی لەگەڵ بەرپرسی سیاسیی کونسوڵگەری گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خرایەڕوو. یەکێك لە تەوەرەکان ڕێککەوتنامەی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم بوو بۆ گەییشتن بە ڕێککەوتنێك کە هەردوولا پێی قایلبن لەسەر بنەمای مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. جەختیش لەوە کرایەوە کە پارتی پێیوایە ئەو ڕێککەوتنە هەنگاوێکی باشە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ڕێگەی دیالۆگی سیاسی و لێککەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا و ئێران کرا لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان و ژینگەی ناوچەکە هەبووە و بەردەوامی هەڕەشە و پەلامارە سەربازییەکان بۆ سەر خەڵکی گوندنشین لەسەر سنوورەکان بووەتە هۆی چۆڵکردنی زیاتر لە 500 گوند لە ناوچە سنوورییەکان.

لە پەیوەندییە ڤیدیۆییەکەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی جەختی لەسەر هەڵوێستی خۆی کردەوە کە پێویستە دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئێران و شەڕی نێوان سوپای تورکیا و پەکەکە و چالاکییە سەربازییەکانیان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان کۆتایی پێبێنن کە زیانێکی زۆریان بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندووە و بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانیش هەڕەشەن بۆ سەر ئاساییش و ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا. لە لایەکی ترەوە هەردوولا کۆکبوون لەسەر گرنگی دایەلۆگی ستراتیجی نێوان ئەمەریکا و عێراق و بەشداری شاندی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکاندا. لە کۆبوونەوەکەدا هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووپاتکرایەوە بۆ پشتگیریی هەرێمی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی سەری ساڵی نوێی کۆچی پیرۆز دەکات

ئومێدەوارین ئەم بۆنەیە ببێتە هەوێنی چەسپاندنی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی زیاتر بۆ پێکهاتەکانی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی کۆچی پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە پەیامەکەدا پیرۆزبایی لە کوردستان و عێراق و جیهان دەکات. ئەمەش دەقەکەیەتی:

بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی کۆچی، (١٤٤٢)هەمین ساڵیادی کۆچی پێغەمبەری مەزن حەزرەتی محەمەد (درودی خوای لێبێ) لە شاری مەککەوە بۆ مەدینە، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، ئومێدەوارین ئەم بۆنەیە ببێتە هەوێنی چەسپاندنی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی زیاتر بۆ تێکڕای پێکهاتەکانی کوردستان و هەروەها موژدەی خێر و خۆشی و کۆتایی هاتنی قەیرانی تەندروستی و دەرد و پەتا و ناخۆشی پێبێ بۆ کۆمەڵگاکەمان.

لەو بۆنە پیرۆزەدا هیواخوازین گیانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیی پتەوتربێت بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیریی و ئاسوودەیی و ئارامی و خۆشگوزەرانی تێکڕای هاووڵاتییانی کوردستان.

جارێکی دیکە ساڵی نوێ و (یەکی موحەڕەمی ١٤٤٢ی کۆچی) لە سەرجەم موسڵمانان پیرۆزبێت و هەموولایەك تەندروست و سەرکەوتووبن..

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
1ی موحەڕەمی ١٤٤٢ی کۆچی
٢٠ی ئابی ٢٠٢٠ی زایینی

لیژنەی کاروباری یاسایی گفتوگۆی لەبارەی پرۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران کرد



بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی پێشنیازەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە. لەکۆبوونەوەکەدا کە بەئامادەبوونی د.بژار کۆچەر سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەر و ژمارەیەك لە ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە بەڕێوەچوو. تێیدا گفتوگۆ لەبارەی بڕگە و ماددەکانی پرۆژەیاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عێراق کرا، ئەم پرۆژەیاسایە لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە. لەکۆبوونەوەکەدا ئەندامانی لیژنەی یاسایی پێشنیاز و تێبینییەکانیان لەبارەی ناوەڕۆکی ناوونیشان و ماددە و بڕگەکان و هۆکارەکانی دەرچوواندنی پرۆژەیاساکە خستەڕوو.

جێی ئاماژەیە پرۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لە دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی ڕۆژی 27/7/2020 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی کۆچی

بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی (1442)ی کۆچی، گەرمترین پیرۆزبایی لەسەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، هیوادارین ئەم یادە ببێتەمایەی هێنانی خێروخۆشی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و تەبایی و یەکڕیزیی بۆ نێومالی کورد و کۆتاییهاتنی قەیرانەکان و نەمانی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستانەکەمان و لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی.

دووبارە یادی سەری ساڵی کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) لە سەرجەم موسڵمانان پیرۆز بێت.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
19/8/2020

هەفتەی داهاتوو دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا دەستپێدەکەنەوە

فەوزی هەریری: وەزیری وزەی ئەمەریکا دووپاتیکردەوە کە بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ مەسرور بارزانی و بەمزووانەش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

راوێژکارێکی مستەفا کازمی: ئەمەریکا داوا دەکات هەولێر و بەغدا کێشەکانیان لە رێگەی دانیشتن و گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکەن



سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن راگەیاند لەمیانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، بانگهێشت کراون تاوەکو هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەستپێبکاتەوە.

فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی شاندی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی لە واشنتن ئاشکرا کرد. مستەفا کازمی بەگوتەی فەوزی هەریری سوپاسی شاندەکەی کردووە بۆ ئامادەبوون و پشتگیریکردنمان لە دانوستانەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بواری جیاوازەکان، هەروەها داوای کرد بەردەوام بین لە بەدواداچوون بۆ ئەو بڕیارانەی لەو یەک دوو رۆژە دران.

فەوزی هەریری بۆ کوردستان24 ئاشکرای کردووە کازمی گوتوویەتی کێشەی ئابووری زۆرن و بەڵێنتان پێدەدەم هەفتەی داهاتوو دەست بە دانوستانی دووقۆڵی بکەین. دەشڵێ بەڕێز ئامانج رەحیمیشم لەگەڵ بوو، کە ئەندامی لیژنەی دانوستانە لەگەڵ بەغدا و گوتی زۆر گرنگە هەفتەی داهاتوو بێن و لە بەغدا ئامادەبن بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە دانوستانەکان بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

کازمی هەروەها سوپاسی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ ئەو پشتگیرییەی پێشکەشیان کردووە تاوەکو بتوانێت کارەکانی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بەڕێوە ببات.

شاندی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکی جیاوازی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا لە واشنتن کرد. فەوزی هەریری دەڵێ رۆژی هەینی دوو کۆبوونەوە هەبوون و من لەگەڵ شاندی هەرێمی کورستان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی یەک کاتژمێر و 10 خولەک، لەگەڵ گەورە راوێژکارەکانی سەرۆک تەرمپ لە کۆشکی سپی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکاندا شاندی کوردستان و ئەمەریکییەکان باسیان لە رەوشی سیاسی، ئابووری و رۆڵی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کردووە و ئەوان جەختیان لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان لە واشنتن، ئاشکرای کردووە، دان برووليێت، وەزیری وزەی ئەمەریکا دووپاتیکردووەتەوە بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاگاداریشی کردوونەتەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات.

فەوزی هەریری جەختی کردەوە لەوەی گفتوگۆکان زۆر ئەرێنی بوون، بۆیە دەڵێ بەڕاستی زۆر دڵخۆشبووین بەو سەردان و کۆبوونەوانە.

هەر سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق حوسێن هیندراوی، راوێژکاری مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، بۆ کوردستان24 رایگەیاندووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا بەردەوام داوا دەکەن، کە لەنێوخۆی عێراق لایەنە سیاسییەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق کێشەکانیان چارەسەر بکەن و جەختیش لەسەر گفتوگۆی نێوان هەردوولا و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە.

ئەو راوێژکارەی مستەفا کازمی گوتیشی: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ئاساییە و بەردەوام گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، هەروەها هەردوولا ئارەزووی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانیان هەیە، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا بەردەوام داوا دەکەن، لایەنە سیاسییەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق کێشەکانیان چارەسەر بکەن و جەختیش لەسەر گفتوگۆی نێوان هەردوولا و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە، چونکە خەڵک ئازاری زۆریان بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەوە چەشتووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە: ئەمەریکا داوا دەکات، کێشەکان لە رێگەی دانیشتن و گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکرێن، هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیش ویستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی ساڵی نوێی کۆچی پەیامێکی بڵاوکردەوە

هیوادارم ساڵی سەقامگیریی و کۆتاییهاتنی قەیران و نەهامەتییەکان لە کوردستان و جیهان بێت



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی چوارشەممە 19 ئابی 2020 لە پەیامێکدا سەری ساڵی نوێی کۆچی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان پیرۆز کرد، لە بەشێکی پەیامەکەیدا هیوای خواست ساڵی نوێی کۆچی، ساڵی خێر و خۆشی و سەقامگیریی و کۆتاییهاتنی قەیران و نەهامەتییەکان لە کوردستان و جیهان بێت، ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی کۆچییەوە، پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم. هیوادارم ساڵی نوێی کۆچی، ساڵی خێر و خۆشی و سەقامگیریی و کۆتاییهاتنی قەیران و نەهامەتییەکان لە کوردستان و جیهان بێت. یادی پڕ شکۆی کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد (درووی خوای لەسەر بێت) لە گشت موسڵمانان پیرۆز بێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
29 ی زوالحجە ١٤٤١
19 ئاب 2020

سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پزیشک و پەرستار و فەرمانبەرانی تەندروستی دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی نووسراوێکی سوپاسگوزاریدا، سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی سەرجەم پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەرانی دەزگە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە رۆڵیان هەبووە لە چارەسەرکردنی تووشبووانی کۆرۆنا و خزمەتکردنی هاوڵاتییان. ئەمەش دەقی سوپاسنامەکەیە:

سوپاس و پێزانین

لە روانگەی هەستکردن بە کار و مانووبوونتان لە بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid19) و رۆڵی بەرچاوتان لە جێبەجێکردنی رێکارەکانی خۆپارێزی و چارەسەری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و تەندروستی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان، سوپاس و پێزانینی ئاراستەی ئەو پزیشک و پەرستار و فەرمانبەرانەی تەندروستی دەکەین کە بە کارامەیی خزمەت دەکەن و رۆڵی مرۆڤدۆستیان هەیە لە پێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و هەر تەندروست و سەلامەت بن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
تەموزی 2020

خەسرۆ گۆران:

بەشێک لەو لایەنانەی دەنگیان بە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق داوە ئێستا پەشیمانبوونەتەوە و دەیانەوێ بگۆڕدرێت



دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق ناوەڕاستی ساڵی داهاتووی دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، ناکۆکی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان هەیە و بەشێک لەو لایەنانەی دەنگیان بۆ داوە، پەشیمان بوونەتەوە.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە بڕیارێکی عێراقییە و تەنیا سەرۆکی حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە کە هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت، پەرلەمانی عێراق هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، دەکرێت یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و حکوومەتی بەغدا، چونکە یاساکە پێویستی بە چارەسەری هەیە.

خەسرۆ گۆران دەشڵێت: یاسای ئێستای هەڵبژاردن شێوازی هەڵبژاردنی گۆڕیوە بۆ ئەوەی عێراق بکرێتە فرەبازنەیی، یانیش هەر پارێزگایەک چەند بازنەیەکی هەبێت، ئەوەش مشتۆمڕی زۆری لەسەرە، هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆک نین لەسەر تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردن، تەنانەت ئەو لایەنانەی دەنگیشیان بەو یاسایە داوە پاشگەز بوونەتەوە و دەیانەوێی یاساکە بگۆڕن.

خەسرۆ گۆران ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: یاسای هەڵبژاردن چۆن تەواو دەکرێت؟ ئەمە کێشەیەکە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، ئینجا باس لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پێشوەختە و دیاریکردنی واەی هەڵبژاردنەکان بکرێت، چونکە بەو نیوەچڵییەوە چۆن هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت!



دژە تیرۆری کوردستان و هاوپەیمانان شانەیەکی نووستووی داعشیان لە هەولێر دەستگیر کرد



لە ئۆپەراسیۆنێکدا دژە تیرۆری کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، شانەیەکی نووستووی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیان لە شاری هەولێر دەستگیر کرد.

گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، مایڵز کاگینز رایگەیاند کە بە پشتیوانیی دژە تیرۆری کوردستان، توانییان شانەیەکی نووستووی داعش لە هەولێر دەستگیر بکەن.

گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، مایڵز کاگینز لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوتی: لە رێککەوتی 20ی ئاب، تیمێکی نموونەیی لە بەرێوەبەرایەتیی دژە تیرۆری کوردستان بە پشتیوانیی هێزی تایبەتیی هاوپەیمانان، توانییان شانەیەکی نووستووی داعش لە هەولێر دەستگیر بکەن.

نووسینگەی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان:

زۆرێک لەو کەسانەی بەشداریان لە خۆپیشاندانەکەی شاری زاخۆدا کرد خەڵکی شارەکە نەبوون

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پاراستنی مافی ئازادیی رادەربڕین و بەها مرۆییەکان



رۆژی 19ی ئابی 2020 لە ئەنجامی خۆپیشاندانی ناڕەزایی بەشێك لە شوفێرە بارهەڵگرەکانی زاخۆ لە هاتنی شوفێری بارهەڵگرانی تورکیا بۆ هەرێمی کورستان، چەند لایەنێکی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکی بە مەرامی تێکدانی ڕەوشەکە و دروستکردنی پشێوی و نائارامی هەوڵیاندا ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بگۆڕن، لە ئەنجامدا پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆیشاندەران ڕوویدا و ژمارەیەك لە کارمەندانی پۆلیس و هاوواڵتیان بریندار بوون و چەند شوێنێکی گشتی و تایبەتی زیانیان بەرکەوت، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

حکوومەتی هەرێم پابەندە بە پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپیشاندانی مەدەنی بەمەبەستی باشترکردنی ژیان و بژێوی هاوواڵتیان و بۆ بەرژەوەندیی گشتی بێت، بەداخەوە خۆپیشاندانەکانی زاخۆ ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت و تووندوتیژی لێکەوتەوە.

لە بنەڕەتدا خۆپیشاندانەکە لەلایەن شوفێرانی بارهەڵگر بووە کە پێیانوابوو کردنەوەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کە بۆ ماوەیەکە لەبەر ڕێکارەکانی کۆرۆنا وەستێنرابوو، دەبێتە هۆی ئەوەی بارهەڵگرانی شوفێرانی تورك کەلوپەل بگوازنەوە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و ئەمەش زیان بە کارەکانیان دەگەیەنێت، بەڵام لایەنگیری پەکەکە و نەوەی نوێ و چەند لایەنێکی دیکە بەشداریان لە خۆنیشاندانەکەدا کرد بە وتنەوەی دروشمەکانی پەکەکە ئاراستەی خۆپیشاندانەکەیان گۆڕی و تەقەیان لە هاوواڵتیان و هێزە ئەمنیەکان کرد و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە هاوواڵتیان و هێزە ئەمنیەکان بریندار بوون، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر لەو کەسانەی بەشداریان لەخۆئیشاندانەکەدا کرد بوو خەڵکی شاری زاخۆ نەبوون.

لە ئەنجامی تەقەکردن 61 لە کارمەندانی هێزە ئەمنیەکان و 4 هاوواڵتی سڤیڵ بریندار بوون کە یەکێکیان منداڵ بوو، هەروەها 26 ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنیەکان و هاوواڵتیان و موڵکی تایبەتی و گشتی زەرەر و زیانیان پێکەوت.

هێزە ئەمنیەکان ڕاستەوخۆ تەقەیان لە خۆپیشاندەران نەکردووە و ڕێگایان لە تێکدەران گرتووە دوای ئەوەی هەوڵی سووتاندنی موڵکی گشتیو تایبەتیان دا. لەلایەن هێزە ئەمنیەکان 18 کەس دەستگیرکراون کە چەکیان هەڵگرتبوو و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن. لەکاتێکدا کە خۆپیشاندانەکە بۆ داواکردنی مافی شوفێری بارهەڵگرەکان بووە، بەڵام لە میانەی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە تەنیا 4 لەو کەسانەی دەستگیر کرابوون شوفێر بوون. لە ئێستادا بارودۆخی زاخۆ ئارامە و لێکۆڵینەوەکانیش بەردەوامن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پاراستنی مافی بیروڕا دەربڕین و بەها مرۆییەکان و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ دەستگیرکراواندا دەکرێت دەربارەی داواکاریی شوفێری بارهەڵگرەکان، حکوومەتی هەرێم بەدواداچوون دەکات، ئەوەش دووپات دەکەینەوە کە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل خاڵێکی گواستنەوەی نێودەوڵەتییە بەپێی پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتی و ناخۆییەکان.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان
20ی ئابی 2020

عەدنان کەرکووکی:

کورد داوا دەکات بنکەی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە سەربازگەی کەیوان دابندرێت





عەدنان کەرکووکی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: کورد داوای کردووە کە بنکەی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە سەربازگەی کەیوان دابندرێت و بەغداش داوای کردووە لە ناوچەی چیمەن دابندرێت، ئەگەر لە ناوچەی کەیوان دابندرێت، کاریگەریی زیاتر دەبێت و دەتوانن کۆنترۆڵی هەموو کەرکووک بکەن.

عەدنان کەرکووکی گوتیشی: بڕیارە چوار بنکە لە ناوچە کوردستانییەکان بۆ هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بکرێن و یەکێك لەوانە لە کەرکووکە و پێشمەرگە و کورد داوایان کردووە ئەوەی کەرکووک لە سەربازگەی کەیوان بێت و بەغدا و سوپای عێراقیش داوایان کردووە لە چیمەن بێت، کە دەکەوێتە سنووری سلێمانی، بۆیە ئەو نووسراوەی وەزارەتی بەرگریی عێراق بڵاوی کردووەتەوە کە لە ناوچەی چیمەن دەبێت، هێشتا ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە و کورد پێی ڕازی نەبووە.

عەدنان کەرکووکی گوتیشی: ئەگەر ئەو بنکە سەربازییە دروست بکرێت سوودی زۆری بۆ کەرکووك دەبێت، بەتایبەت لە کەیوان بێت، چونکە ئەو ناوچەیە هێزی عێراقی لێ نییە و دەتواندرێت کەرکووك هەمووی کۆنترۆڵ بکرێت و لە هەموو ناوچەکان نزیکە، بەتایبەت حەویجە کە داعش لەوێ زۆرە. کەرکووکی باسی لەوەش کرد: حکوومەتی عێراق و وەزارەتی بەرگریی عێراق گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ناتوانن شەڕی پارتیزانیی داعش بکەن و بە تەنیا کەرکووك بپارێزن، بۆیە داوایان لە پێشمەرگە کردووە هاوکارییان بکات و پێشتریش کە بنکەی هاوبەش هەبووە هەر لە کەیوان بووە، بۆیە کورد نێستاش داوا دەکات بنکەی هاوبەش لە هەمان شوێن بێت.

لە سەڵاحەدین شانەیەکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەستگیرکران

لە بۆردوومانێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا ژمارەیەک تیرۆریستی داعش کوژران

بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو ژمارەیەک سەربازی عێراقی بریندار بوون

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، ژمارەیەك تیرۆریستی داعش لە بۆردوومانێکدا کوژران.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق زیاتر بڵاوی کردەوە کە ژمارەیەك تیرۆریستی داعش لە ئاکامی بۆردوومانێکی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، لە باکووری بەغدا، کوژراون.

لە ڕاگەیەندراوێکدا شانەی ناوبراو ئاماژەی بەوەداوە کە پشتبەستن بە زانیارییەکانی هەواڵگری و لەسەر داوای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، ژمارەیەك تیرۆریستی داعشیان لە سنووری قەزای تارمییە باکووری بەغدا بۆردوومانکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی بۆردومانەکەدا، سەرجەم ئەو تیرۆریستانەی کە لەناوچەکەدا بوون، کوژراون کە ژمارەیان دیار نییە. لە لایەکی دیکەوە لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو لە سنووری پارێزگای دیالە ڕۆژهەڵاتی عێراق، چوار سەرباز برینداربوون. لەمبارەیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، نەقیب جەعفەر وائیلی ڕایگەیاند کە لە دەوروبەری قەزای میقدادییە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیالە تەقیوەتەوە کە کاروانێکی هێزەکانی سوپای عێراقی کردە ئامانج. باسی لەوەشکرد کە لە ئاکامی تەقینەوەکەدا، چوار سەرباز برینداربوون.

لەلایەکی ترەوە دەزگای دژە تیرۆری عێراق دەستگیرکردنی شانەیەکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی ڕاگەیاند کە پلانی هێرشکردنە سەر پێگەکانی سەربازیی لە پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراقیان هەبووە. دەزگای دژە تیرۆری عێراق سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد ڕۆژی هەینی ئۆپەراسیۆنێکی فراوان لە باکووری پارێزگای سەڵاحەددین ئەنجامدراوە و لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکەدا شانەیەکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە لە هەشت کەس پێکهاتبوو، دەستگیرکران. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە شانە تیرۆریستییەکە پیلانی هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانیان هەبووە لە قەزای شەرگات لە پارێزگای سەڵاحەددین.



چوار ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق پێکدەهێنرێن

بەپێی نووسراوێکی فەرمی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان کە واژووی جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر شەمەمەری لەسەرە و ئاراستەی وەزارەتی بەرگریی و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووك کراوە، تیایدا ئاماژە بەوە دراوە کە ڕەزامەندی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، مستەفا کازمی وەرگیراوە بەکردنەوەی چوار ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

بەپێی نووسراوەکە، بارەگای ناوەندەکان بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان لەم شوێنانە دەبێت:

- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیالە لە قەزای خانەقین دەبێت.
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا لە قەزای مەخمور دەبێت.
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەشی ڕۆژئاوای نەینەوا لە ناوچەی کەسك دەبێت.
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووك لە ناوچەی چیمەن دەبێت.

هەر لە نووسراوەکەدا داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگری و ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازیی کراوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەریان لەو ناوەندانەدا. هەر بەپێی نووسراوەکە، بارەگاکانی ئەو ناوەندانە لەلایەن ئەفسەرێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە پلە سەربازییەکەی (عەقید یان عەمید) بێت. هاوکات عەدنان کەرکووکی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووك-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بەو نووسراوە، ڕایگەیاند: ئەو نووسراوەی وەزارەتی بەرگریی عێراق بڵاوی کردووەتەوە هێشتا ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە. ئەم بڕیارە دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نێوان شاندی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق دێت بەمەبەستی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لەو ناوچانەدا هەیە.

ئامانج لەو خۆپیشاندانانە تێکدانی ڕەوشی سیاسی و سەقامگیری کوردستانە

لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی دوێنێ، قائیمقامیەتی کەلار و چەند ئۆتۆمبێلێک سوتێندران





خەبات/ دوێنێ شەممە ٢٢ی ئابی ٢٠٢٠ لە شارەکانی سلێمانی، کەلار، چەمچەماڵ و چەند شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستان بە پاساوی داواکردنی مووچە و خزمەتگوزاری، چەند لایەنێکی سیاسی بەتایبەتی نەوەی نوێ داخوازییەکانی هاوواڵتیانیان هەڵقۆستەوە و خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتیان بەڕێوەبرد، لەمیانەی خۆپیشاندانەکەدا بەتایبەتی لە شارۆچکەی کەلار ئاڵۆزی لێکەوتەوە بەوەی هێرشیانکردە سەر باڵەخانەی قائیمقامیەت، باڵەخانەکە و چەند ئۆتۆمبێلێکیش لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سووتێندران.

وێڕای ئەوەی لە شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکان هێزەکانی ناوخۆ ئامادەکارییان بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك کردبوو، هێزێکی زۆری چالاکی مەدەنی و پۆلیس لە بەشێك لە شەقامەکانی شاری سلێمانیدا بڵاوەیان پێکرابوو، بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ئەگەرێکی نەخوازراو، بەهەمان شێوە لە شوێنەکانی دیکەش، بەڵام خۆپیشاندەران بەمەبەستی تێکدانی ڕەوشی سیاسی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەشێك لە خۆپیشاندەران لەناو بازاڕی کەلار گردبوونەوە، پاشان هەڵیانکوتایە سەر قائیمقامیەتی قەزای کەلار و ژمارەیەك ئۆتۆمبێل زیانیان بەرکەوت و هەروەها ئاگریان لە بەشێکی باڵەخانەی قائیمقامیەت بەردا و بەهۆیەوە گرژی دروستبوو، وەك هەندێ سەرچاوەی میدیایی ئاماژەیان پێکرد، دەنگی تەقەش بیستراوە.

دوای ئاگرتێبەردانی باڵەخانەکەش لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بڵاوەیان بەخۆپێشاندەران کردووە بەگوێرەی زانیارییەکان بەشێك لە خۆپیشاندەرەکان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکە ڕێگریان لە هاتوچۆی ئامبۆڵانسێك کردووە کە ویستوویەتی نەخۆش بەرەو نەخۆشخانە بگوازێتەوە.

چاودێرانی سیاسی، ئەو خۆپیشاندانانە بە هەوڵدانی چەند لایەنێکی سیاسی بۆ تێکدانی ڕەوشی سیاسی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان ناوەدبەن و پێیانوایە ئەوەی دەگوزەرێت پەیوەندی بە مووچەوە نییە، بەڵکوو دەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە دژی دامەزراوە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان هانبدەن، هاوکات بەشێکی پەیوەندی بە رازیکردنی گرووپێکی شیعەی بەغدایە کە نایانەوێت ئارامی لە هەرێمی کوردستان هەبێت و بۆ ئەمەش مووچە وەك بیانوو بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە هەموو هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و چارەسەرکردنی مووچە دەدەن، بەڵام ئەو گرووپە سیاسییە دەیانەوێت سواری شەپۆلی داواکارییە ڕەواکانی خەڵك بین و بەدروستکردنی ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسیی کوردستان ئاڵۆز بکەن.

بەمزووانە لە جنێف لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا کۆدەبێتەوە

ئیبراهیم برۆ: ئێمە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار دەبین و داکۆکی لە مافەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنەکەسە ڕەتیدەکاتەوە کە کورد بەشداریی پێ نەکرێت لە گفتوگۆکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و دەڵێت: 24ی ئەم مانگە دوای ماوەیەکی زۆر کۆبوونەوەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بە بەشداریی نوێنەری ئەنەکەسە لە جنێف بەڕێوە دەچێت و ڕۆڵێکی گرنگیشیان لە نووسینەوەی دەستوور دەبێت و داکۆکی لەسەر مافی کورد دەکەن.

سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و ئەندامی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەو ئەنجومەنە، ئیبراهیم برۆ، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: 24ی ئەم مانگە کۆمیتەی بچووکی نووسینەوەی دەستوور کۆدەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمیتەی گەورە 150 کەسە و ئەوەی بچووك 45 کەسە و هەرلایەنێك 15 کەسە، 15 کەسی ئۆپۆزسیۆن، 15 کەسی ژنێم و 15 کەسی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئێمە لەناو ئۆپۆزسیۆن نوێنەری خۆمان هەیە و دەچین بۆ جنێف بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیە و بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد بەشدارین.

ئیبراهیم برۆ گوتیشی: ئەوەی کە بڵاو کراوەتە کە چیتر کورد بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا ناکات، ڕاست نییە و ئێمە بەفەرمی بەشدارین و لە نووسینەوەی دەستووریشدا ڕۆڵمان دەبێت و داکۆکی لەسەر مافەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین.

برۆ باسی لەوەش کرد ساڵی ڕابردوو مانگی 11 کۆبوونەوە کرا کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ بۆ نووسینەوەی دەستوور، بەڵام ناکۆکی دروست بوو و دواتریش شەش مانگە بەهۆی کۆرۆناوە کۆبوونەوە نەکراوە، ئەمەی ئێستا دەکرێت کۆبوونەوەیەکی گرنگە و شاندی ئەمەریکا و ڕووسیا و تورکیا لەسەر ئاستی باڵا و شاندی ڕووسیا و تورکیا لەسەر ئاستی جێگری وەزیری دەرەوە بەشدار دەبن و ئەوەی ئەمەریکاش جیمس جیفری نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا لە سووریا بەشداری دەکات، بۆیە سێ شاندی گرنگ بەشداری لەو کۆبوونەوەیە دەکەن کە کوردیش تێیدا بەشداراە.

چەند میدیایەك دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردووەتەوە کە کورد لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی گفتوگۆکردن بۆ نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا بەشداریی پێ ناکرێت، بەڵام ئەنەکەسە ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە.



16 وڵات و نێردەی یەکێتیی ئەورووپا ئیدانەی تووندوتیژی دژ بە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکەن

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە 565 کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کوژراون



16 وڵات و نێردەی یەکێتیی ئەورووپا لە بەغدا، ئیدانەی تیرۆرکردنی چالاکوانانی مەدەنی و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانیان لە عێراق کرد و داوای دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەیان کرد.

باڵیۆزخانەی هەریەك لە وڵاتانی، ئوستراليا، بەلجیکا، بولگاریا، کەندا، کراوتیا، چیك، فینیلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، مەجەر، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، ئیسپانیا، سوید، ئەمەریکا و نێردەی یەکێتیی ئەورووپا لە بەغدا ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان لەمبارەیەوە باڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەو وڵاتانە نیگەرانی قۆڵی خۆیان نیشاندەوە لە حاڵەتەکانی تووندوتیژی دژ بە چالاکوانانی مەدەنی. لە ڕاگەیەنراوەکەدا بە تایبەت ئیدانەی تیرۆرکردنی چالاکوانانی مەدەنی و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکانیان کرد و بەسەرۆ و بەغدا.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، چالاکوانی مەدەنی تەحسین ئوسامە لە شوێنی کارەکە لە شاری بەسرە لەلایەن ژمارەیەك چەکداری نەناسراوەوە کوژران و ڕۆژی چوارشەممەش چالاکوانی خۆپیشاندانەکان، ریهام یەعقوب و ئافرەتێکی دیکەی یاوەری کوژران و چالاکوان فەلاح حەسەناوی و دەستگیرانەکەی لە دوو هێرشی جیادا لە هەمان شار کرانە ئامانج.

لەوتەی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا، دەیان چالاکوانی مەدەنی تیرۆرکراون. ئەو 16 وڵاتە و نێردەی یەکێتیی ئەورووپا لە بەغدا هاوکات داوایان لە حکوومەتی عێراق کردووە هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە و بەسزاگەیاندنی تاوانباران.

بەپێی داتاکانی حکوومەتی عێراق، لەمیانی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق سەریانهەڵدا و بەهۆیانەوە حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرا، 565 کەس لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان کوژران.

بەهۆی ئەو پەتا جیهانگیرەوە 803 هەزار و 374 کەس گیانیانلەدەستداوە

زیاتر لە 23 ملیۆن و 130 هەزار کەس لە جیهان تووشی کۆرۆنا بوون



ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان لە ویلایەتی هوبەی چینەوە سەریهەڵدا و دواتر هەموو جیهانی تەنیوە، گەیشتووەتە 23 ملیۆن و 130 هەزار و 443 کەس.

ماڵپەڕی Worldometer کە ڕۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە، ڕایگەیاند تاکوو ئێستا 803 هەزار و 374 تووشبوو گیانیانلەدەست داوە و ژمارەی تووشبووانیش بۆ 23 ملیۆن و 130 هەزار و 443 کەس بەرز بووەتەوە.

تاکوو ئێستا 15 ملیۆن و 722 هەزار و 758 تووشبوو چاك بوونەتەوە و شەش ملیۆن و 604 هەزار و 311 تووشبووش چارەسەری پزیشکی وەردەگرن.

کۆرۆنا بە تووندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ئەمەریکا. تاکو ئێستا لەوێ پێنج ملیۆن و 796 هەزار و 727 حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراوە و 179 هەزار و 200 تووشبووش گیانیانلەدەستداوە.

پرسەنامە

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
هەڤاڵی بەڕێز عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ

خەمباربوویـن بـە بیسـتنی هەواڵـی کۆچـی دوایـی دایکـی بەڕێزتـان، خاتـوو (ئامینـە ڕەسـوڵ حەمـەد ڕۆستایی).
بـەو بۆنـە خەمناکـەوە بەنـاوی خۆمـان و هەڤاڵانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتیبانـەوە پرسـە و سـەرەخۆشـی ئاراسـتەی بەڕێزتـان و خانـەوادە تێکۆشـەرەکەتان و تـەواوی خـزم و ئاشـنایانتان دەکەیـن و هاوبەشـی خـەم و پەژارەتانیـن. لەخـوای گـەورە داواکاریـن سـەبوری و دڵنەوایـی بـە هەموولایـەك ببەخشـێت و گیانـی دایکـی کۆچکردویشـتان بـە بەهەشـتی بەریـن شـادبکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

....

هەڤاڵی بەڕێز حەسەن حەدۆ

خەمبـار و دڵتەنگبوویـن بـە بیسـتنی هەواڵـی کۆچـی دوایـی مامـی بەڕێزتـان، خوالێخۆشـبوو عەمیـد (خـەسرۆ خواجـە جونـدی).
بـەو بۆنـە خەمناکـەوە بەنـاوی خۆمـان و هەڤاڵانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتیبانـەوە پرسـە و سـەرەخۆشـی ئاراسـتەی بەڕێزتـان و کەسـوکار و هەڤاڵانـی خوالێخۆشـبوو و خانـەوادە تێکۆشـەرەکەی دەکەیـن و هاوبەشـی خـەم و پەژارەتانیـن. لەخـوای گـەورە داواکاریـن سـەبوری و دڵنەوایـی بـە هەموولایـەك ببەخشـێت و گیانـی مامـی کۆچکردویشـتان بـە بەهەشـتی بەریـن شـادبکات..

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

....

هەڤاڵی بەڕێز هێمن هەورامی

خەمباربوویـن بـە بیسـتنی هەواڵـی کۆچـی دوایـی مامـی بەڕێزتـان، خوالێخۆشـبوو (ڕەحیم هەورامی)
بـەو بۆنـە خەمناکـەوە بەنـاوی خۆمـان و هەڤاڵانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتیبانـەوە پرسـە و سـەرەخۆشـی ئاراسـتەی بەڕێزتـان و خانـەوادە تێکۆشـەرەکەتان و تـەواوی خـزم و ئاشـنایانی خوالێخۆشـبوو دەکەیـن و هاوبەشـی خـەم و پەژارەتانیـن. لەخـوای گـەورە داواکاریـن سـەبوری و دڵنەوایـی بـە هەموولایـەك ببەخشـێت و گیانـی مامـی کۆچکردویشـتان بـە بەهەشـتی بەریـن شـادبکات..

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

هەولێر... بڕیارە شەش هەزار پارچە زەویی دیکەی کارت تاپۆ بکرێن



گوتەبێـژی شـارەوانی هەولێـر دەڵـێ، دوای تاپۆکردنـی 16 هـەزار زەوی کارت، ئامـادەکاری کـراوە و بڕیـارە لـەم هەفتەیـە دەسـت بـە تاپۆکردنـی شـەش هـەزار پارچـە زەویـی دیکـەی کارت بکرێـت.
گوتەبێـژی شـارەوانی هەولێـر، سـیامەند کەریـم حوسـێن، بـۆ ماڵپـەڕی فەرمیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گوتـی: لـە سـنووری شـارەوانی هەولێـر تـا ئێسـتا زیاتـر لە16هـەزار زەوی کارت تاپـۆ کـراون و، ئێسـتاش 6 هـەزاری دیکـە ئامـادەن و دەسـت بـە تاپۆکردنیـان دەکرێـت. سـیامەند کەریـم حوسـێن گوتیشـی: ئـەو زەویانـەی بڕیـارە لـەم هەفتەیـە تاپـۆ بکرێـن، لـە ناوچەکانـی سـنووری شـارەوانی دوون، لـە ناوچەکانـی گەڕەسـوور و کـەرك و باخـی منـارەن، ناوچەکانـی دیکـەش دەگرێتـەوە، بۆیـە ئـەوەی زەوی کارت بێـت تاپـۆ دەکرێـت. گوتەبێـژی شـارەوانی هەولێـر زیاتـر گوتـی: جـارێ نازانیـن چەنـد زەوی کارت هەیـە، تـا زەوی کارت هەبێـت ئێمـەش بەقۆنـاغ تاپۆیـان دەکەیـن.

کێشە و گرفتی ئاوەڕۆی شاری هەولێر چارەسەر دەکرێت

بەفەرمانـی پارێـزگاری هەولێـر، هەمـوو ئـەو شـوێنانەی گرفتـی ئـاوەڕۆو کۆبوونـەوەی ئـاوی بارانیـان هەیـە چارەسـەر دەکرێت.
بەگوێـرەی ڕاگەیاندراوێکـی پارێـزگای هەولێـر، بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی گرفتـی ئـاوەڕۆکان و پاککردنەوەیـان بـەر لەهاتنـی وەرزی بـاران بارین، دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی پێنـج شـەمە 2020.8.20، بەسـەرپەرشـتی د.فرسـەت سـۆفی پارێـزگاری هەولێـر و بـە ئامادەبوونـی مەسـعود کارەش جێگـری پارێـزگار و بەڕێوەبـەری ئـاوەڕۆکان و جێگـری سـەرۆکی شـارەوانی هەولێـر و ژمارەیەکـی دیکـە لـە ئەندازیـاران، لەدیوانـی پارێـزگا، کۆبوونەوەیـەك ئەنجامـدرا.
لەکۆبوونەوەکـەدا پارێـزگاری هەولێـر، جەختـی لەسـەر ئەوەکـردەوە بەر لـە وەرزی بارانبارین ئامـادەکاری تـەواو بکرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی هەمـوو ئـەو کێشـە و گرفتانـەی لـە ئـاوەڕۆ سـەرکییەکانی نێـو سـەنتەری شـاردا هەیـە، دوابـەدوای ئـەوەش لەنزیکتریـن کاتـدا دەسـت بکرێـت بـە هەڵمەتـی پاککردنـەوەی تـەواوی ئاوەڕۆکانـی شـار، هەروەهـا پارێـزگاری هەولێـر، بڕیاریـدا لەسـەر بودجـە و ئەرکـی پارێـزگای هەولێـر، سـەرجەم ئـەو شـوێن و شـەقام و گەڕەکانـەی کـە سـاڵانە بەهـۆی بارانبارینـی زۆرەوە پردەبـن لـە ئـاو و گرفتیـان لـە ئـاوەڕۆ و کۆبوونـەوەی ئـاوی بـاران هەیـە چارەسـەربکرێن.
لـەو بارەیەشـەوە پارێـزگاری هەولێـر، سـەرۆکایەتی شـارەوانی و بەڕێوەبەرایەتـی ئـاوەڕۆی هەولێـری ڕاسـپارد بەرلەهاتنـی وەرزی بارانبارینـی ئەمسـاڵ ئـەوەی لەتوانـدا هەیـە بیکـەن بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتانـەی هـەن، بۆئـەوەی وەکـو سـاڵانی تـر بەهـۆی بارانبارین زۆرەوە ئاسـتەنگ بـۆ هاوڵاتیـان و هاتوچـۆی شـۆفێران لەشـەقامەکان دروسـت نەبێـت کـە جـاری واش هەبـووە زەرەوزیانـی زۆری پێگەیانـدووە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ڕایگەیانـد: وەك پارێـزگای هەولێـر بەهەمـوو توانایەکمانـەوە پاڵپشـت و هاوکارتانیـن.


سوپاس و پێزانین

بـەداخ و خەمێکـی قـووڵ دوێنـێ ئامـۆزا و بەرپرسـی پاسـەوانەکانم کاك هاشـمی ڕووخـۆش و لاو، بەنەخۆشـی کۆڕۆنـا گیانـی لەدەسـت دا، لـە ئانوسـاتێکدا سـەفەری کۆتایـی کـرد، کـە ئـەم پەتایـە بێوێژدانـە نەیهێشـت هیچـی بـۆ بکەیـن شایسـتە بـە کۆسـتی ناوەخـت و سـەفەری ئازاربەخشـی بـێ ، کاك هاشـم گەنجێکـی خوێـن شـیرین و قسـەخۆش بـوو، هەمیشـە مایـەی ڕازاندنـەوەی مەجلیـس و دانیشـتنەکان بـوو، هەمیشـە دایننەمـۆی چارەسـەرکردنی کێشـە و ئاریشـەکان بـوو، بۆیـە مەرگـی ئـەو لاوە قووڵتـر و ئازاربەخشـترە لەسـەر دڵـیان. بـەم بۆنـە خەمناکـە پرسـەو سـەرەخۆشـیی لەخۆمـان و کاك عەلـی خۆشـناوو براکانـی و تێکـڕای بنەماڵـە و دۆسـتانی دەکـەم ، بەڕوونـی هەسـت بـە کاریگـەری ئـەو خەمـە و پەرۆشـی هەمـوو لایـەك دەکـەم کـە لـە ڕێگـەی بەشـداری بەخاکسـپاردنی و تەلەفـۆن و نامـەی تۆزەکۆمەڵایەتییـەکان و دەربڕینـی هاوخەمییـان، لـە هەمـوو لایـەك بینیـان، بۆیـە سوپاسـی خۆمـان ئاراسـتەی هەمـووان دەکـەین و ئێمـە و هەمـوو دۆسـت و خزمـان و هاوڕێیانـی کاك (هاشـم)یـش لـە خـودای گـەورە دەپاڕێینـەوە جێـی ئـەو لاوە خوێنشـیرینە بەهەشـتی بەریـن بـێ و سـەبر و ئارامیـش بـە هەمـوو لایـەك ببەخشـێ .

انا لله و انا اليه راجعون

بڵند ئیسماعیل
بەرپرسی لقی 16ی هەولێر

پۆلیسی هەولێر ئەو شەقامانەیان چۆڵکرد کە بۆ مەیخواردنەوە و نیرگەلەکێشان بەکاردەهێنران



لـە هەڵمەتێکـدا پۆلیسـی هەولێـر ئـەو شـەقامە گشـتیانەی چۆڵکـرد، کـە شـەوانە بـۆ مەیخواردنـەوە و نیرگەلەکێشـان بەکاردەهێـنران و بـە دیاردەیەکـی ناشارسـتانی ناویـان بـرد.
لـە ڕاگەیەندراوێکـدا بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی پۆلیسـی هەولێـر ئامـاژەی دووپاتیکـردەوە، بەشـی پۆلیسـی شـارەوانی لـە هەڵمەتێکـدا، توانـی ئـەو شـەقامە گشـتییانە چـۆڵ بکـەن، کـە کۆمەڵـە کەسـانێك بـۆ مەیخواردنـەوە و نیرگەلەکێشـان بەکاریـان دەهێنـا و لـە سەرشۆسـتەکانی ئـەم شـەقامانە دادەنیشـتن.
ئامـاژەی بەوەشـداوە، مەیخواردنـەوە و نیرگەلەکێشـان لەسـەر ئـەو شـەقامانە دیاردەیەکـی ناشارسـتانی بـوو. وەك ڕاشـیگەیاند، لەمیانـەی هەڵمەتەکـەدا دەسـتیان بەسـەر سـاڵیانەی ١٢ ئۆتۆمبیلـدا گرتـووە، لەگـەڵ دەستبەسـەردا گرتنی کەلوپەلـە بەکارهێنراوەکان و ڕووبـەڕووی یاسـا کرانـەوە.

سوپاس و پێزانین

بـۆ کۆچـی دوایـی مامم، (حاجـی ڕەحیـم هەورامـی) کـە ڕۆژی 2020-8-18 لـە دەڤـەری هەورامـان گیانـی سـپارد، بـە هـۆی پابەندبـوون بـە ڕێنماییـە تەندروسـتییەکان پرسـەمان بـۆ دانەنـا، بـەڵام ژمارەیەکـی یەکجـار زۆری پرسـە نامـەو پەیوەنـدی تەلەفۆنـی و پەیامـی هاوغەمـی گەشـتنە ئێمـە.
بـە نـاوی خـۆم و سـەرجەم خـزم و کەسـوکارەوە، لـە ناخـی دڵمانـەوە ، سـوپاسـێکی زۆر تایبـەت بـۆ جەنابـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی کـە بـە پەیوەنـدی تەلەفۆنـی هاوغەمـی و پرسـەو سەرخۆشـی لێکردیـن و سـەبورییەکی گـەورەی ئێمـە و کەسـوکارمان بـوو. هەروەهـا، لـە ناخـی دڵمانـەوە سوپاسـی زۆر بەڕێـز جەنابـی کاك مـەسرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن کـە بـە پەیوەنـدی تەلەفۆنـی پرسـەو سەرەخۆشـییان پێگەیاندیـن.
زۆر زۆر سوپاسـی ئـەم کەسـایەتی و لایەنـە بەڕێزانـە دەکەیـن کـە بـە تەلەفـۆن و پەیامـی پرسـەو سەرەخۆشـی لـە پرسـەکەمان بەشـدار بـوون و گەورەییـان نوانـد و سـەبورییان پێبەخشـین.
بەڕێـز د. ڕێـواز فایـەق سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان کـە بـە تەلەفـۆن و پرسـەنامە بەشـداربوون .
بەڕێـز مونـا قاوەچـی سـکرتێری پەرلەمانـی کوردسـتان کـە بـە پرسـەنامەو تەلەفـۆن بەشـداربوون.
بەڕێـز کاك عومـەری سـەید عەلـی ڕێکخـەری گشـتی بزوتنـەوەی گـۆڕان و ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی خانـەی ڕایەڕانـدن کـە بـە تەلەفـۆن پرسـەو سەرەخۆشـییان لێکردیـن.
بەڕێـز مامۆسـتا سـەلاحەدین بەهائەدیـن ئەمینـداری گشـتی یەکگرتـووی ئیسـلامی کـە بـە پەیوەنـدی تەلەفۆنـی پرسـەو سەرەخۆشـی لێکردیـن.
مەکتەبـی سیاسـی پارتیـمان کـە بـە پەیامـی پرسـەو سەرخۆشـی و پەیوەنـدی تەلەفۆنـی ئەندامانـی بەڕێـزی مەکتەبـی سیاسـی لـە پرسـەکەمان بەشـداربوون.
بەڕێـزان بەرپـرس و ئەندامانـی نوسـینگەی ڕێـزدار کاك نێچیرڤـان بارزانـی جێگـری سـەرۆکی پارتیـمان
بەڕێزان بەرپرس و ئەندامانی نوسینگەی حیزبی ڕێزدار کاك مەسرور بارزانی .
بەڕێز کاك د. کاوە مەحمود سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان.
بەڕێز مامۆستا عیرفان عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی.
بەڕیز کاك شالاو کۆسرەت ڕەسول ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ك).
بەڕێز کاك باپیر کامەلا سکرتیری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان .
بەڕێـز کاك خـدر ڕوسـی. بەڕیـزان وەزیـرەکان و یاریدەدەرانـی سـەرۆك وەزیرانـی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.
بەڕێـزان لـە فراکسـیۆنە جیاجیاکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان و ئەندامانـی پەرلەمانـی کوردسـتان.
بەڕێـزان ئەندامانـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتیـمان. بەڕێـزان بەرپرسـی لـق و مەکتـەب و دەسـتەو دەزگاکانـی پارتیـمان. بەڕێـزان لـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان. بەڕێـزان لـە ئاژانسـی پاراسـتن. بەڕیـزان فەرمانـدە و ئەفسـەرەکانی فەرماندەیـی دژەتیـرۆر.
بەڕێزان لە ئاسایشی گشتی. بەڕێزان فەرماندە و ئەندامانی فەرماندەیی یەکەی 80.
بەڕێـزان ئەندامانـی فەرماندەیـی زێرەڤانـی. بەڕێـزان لـە ڕێکخراوەکانـی یەکێتـی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان. بەڕێـزان بەرپـرس و کارمەندانـی فەرمانگـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەو نوێنەرانـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ئەڵمانیـا، یەکیتـی ئەورووپـا و ئەمریـکا و بەریتانیـا و ئوسـترالیا.
کەسـایەتیە ئایینـی و کۆمەلایەتییـەکان. بەڕێـزان بەرپـرس و هەڤالانـی لقـی 12ی (پ.د.ك) کـە لـە ناشـتن و بەخـاك سـپاردن لەگـەڵ کەسـوکار بەشـدار بـوون.
هـەر بەڕێزێکـی دیکـە کـە بـە تەلەفـۆن، تێکسـتی تەلەفۆنـی، لـە ڤایبـەر و واتسـئاپ و نامەکانـی تـۆڕە کۆمەلایەتیـەکان و کۆمێنـت و پەیامـە دەنگییـەکان لـە هاوغەمـی و پرسـەو سەرەخۆشـی لەگـەڵمان بەشـدار بـوون.
ئـەم بەشـداربییەتان دڵنەوایـیەکـی گـەورەی ئیمـە و خـزم و کەسـوکارمان بـوو. خـودای گـەورە پاداشـتی بەخێـری هەمـوو لایەکتـان بداتـەوەو هەمیشـە قەرزاربـاری ئـەم لوتـف و هاوسـۆزی و هاوخەمیـە فراوانەتانیـن.

هێمن هەورامی
لە جیاتی کەسوکاری خوا لێخۆشبوو حاجی ڕەحیم هەورامی

ئاگاداری

گۆڤاریـك بەنـاوی (چەپکـە گـوڵ) کـە خـاوەن ئیمتیازەکـەی (کۆمیتـەی پشـدەر) سەرنوسـەرەکەی (عەبدولقـادر محەمـەد ئیبراهیـم) بـارەگای سـەرەکی لـە شـارۆچکەی (قـەڵادزێ) بەزمانـی (کـوردی) بەشـێوەیەکی (وەرزی) دەردەچێـت.
هەرکەسـێك تێبینـی یـان لاری هەیـە بـا پەیوەنـدی بـەم ژمـارە تەلەفونـەوە بـکات (07736985012)

چەمچەماڵ.. سیستەمی ئۆکسجینی مەرکەزی بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە کۆرۆنا دانرا



لـە چەمچەمـاڵ سیسـتەمی ئۆکسـجینی مەرکـەزی بـۆ نەخۆشـخانەیەکی تایبـەت بـە تووشبوانی کۆرۆنـا دانـراوە و جێگـری بەڕێوەبـەری تەندروسـتیی چەمچەماڵیـش دەڵێـت دانانـی سیسـتەمی مەرکەزیـی ئۆکسـجین، خزمەتێکـی بـاش بـە ڕەوشـی تەندروسـتیی تووشـبوانی ئـەو پەتایـە دەکات.
دوێنـێ شـەممە 22/8/2020، شـەریف ڕەحیـم، جێگیـری بەرپرسـی تەندروسـتیی چەمچەمـاڵ، بـە (باسـنیوز)ی ڕاگەیانـد: لـە سـنووری چەمچەمـاڵ ژمـارەی تووشـبوانی کۆرۆنـا بەتایبـەت لـەم چەنـد ڕۆژەی ڕابـردوودا زۆر زیـادی کـردووە و تەنانـەت لـە مـاوەی یـەك هەفتـەدا بەداخـەوە 10 هاووڵاتیـی تووشـبووی کۆرۆنـا گیانیـان لەدەسـت دا و ژمـارەی تووشـبوان لـە هەڵکشـاندایە و لەبـەر ئەوەی سیسـتەمێکی ئۆکسـجین لـە سـنوورەکە نەبـوو، گرفتێکـی زۆری بۆمـان دروسـت کردبـوو. گوتیشـی: ئێمـە لـە چەمچەمـاڵ بـۆ تووشـبووانی کۆرۆنـا دوو شـوێنمان هەیـە کـە سـەنتەری ئاسـوودەی تایبەتـە، هەروەهـا باڵاخانـەی عومـەر خەلیفـە، بـە هەوڵـی هەمـوو لایـەك توانیمـان بـۆ سـەنتەری ئاسـوودەی تایبـەت سیسـتەمی مەرکەزیـی ئۆکسـجین دابیـن بکەیـن، ئێسـتا زیاتـر لـە 40 تووشـبووی کۆرۆنـا لـەو سـەنتەرە لەژێـر هەنەسـەدانی تووشـبوانی کۆرۆنـا و خەزانـەی ئـەو سیسـتەمەی ئۆکسـجینە بـەروارد دەکرێـت بـە هـەزار بتـڵ ئۆکسـجین و بـە شـێوەی تانکـەر بـەردەوام ئۆکسـجینیان بـۆ دابیـن دەکرێـت ئەمـەش کارئاسـانی زۆری بـۆ سـەنتەری ئاسـوودەی تایبـەت کـردووە.
لـە سـنووری قـەزای چەمچەمـاڵ تـا ئێسـتا پشـکنینی کۆرۆنـا بـۆ 5000 کـەس ئەنجـام دراوە و لـەو ژمارەیـەش 620 کـەس تـووش بـوون و لـە نەخۆشـخانەکان خوێندراون و 10 تووشـبووش گیانیـان لەدەسـت داوە.

خەلکێ زاخو: ئەم قەبوولناکین ڕەوشا دەڤەرا مە بێتەتێکدان



خەبات- زاخو:
هاوڵاتیێن دەڤەرا زاخو دلتەنگی یا خوە دیارکرن هەمبەر هەلویستێ هندەك لایەنێن سیاسی یێن کوردستان ژبو شێواندنا داخوازییێن هەژمارەکا شوفێرێن بارهەلگر، وهیڤی خواستن لایەنێن سیاسی سواری شەپولا داخوازێن ڕەواییّن تویژەکا هاولاتیان نەبن.
هاوڵاتی سەعەد جەمیل کو شوفێرێ کامیونەکا بارهەلگرە دبێژیت، مافی هەی هاوڵاتیا یە داخوازا مافێن خوە بکەن، وئەڤ مافە ب یاسایێ هاتیە دابینکرن، وهەژمارەکا شوفێرێن کامیونێن بارهەلگر ل زاخو ب مافێ خوە زانین خوپیشاندانەکا ئاشتی یانە سازبکەن ژبو پێشکێشکرنا داخوازێن خوە بو جهێن پەیوەندار، لێ مخابن هندەك لایەنێن سیاسی ییّن کو دڤێن ڕەوشا دەڤەرا مە تێکبدەن هەولدان ڤێ خونیشاندانێ ب شێوینن وژبو مەرەمێن خوە ییّن تایبەت ب کاربینن.
سەردار سەلیم هاوڵاتیەکی دی یێ خەلکێ دەڤەرا زاخویە، دیارکر، ئەو ڕەوشا نارام یاکو هەتا نها باژێرێ زاخو تێدا دژیت ژئەنجامێ هاریکاری و هەماهەنگی یا خەلکێ دەڤەرێ یە دگەل هەمی هێزێن ئیمناهیێ ودەزگایێن حوکمەتا هەرێما کوردستانێ وهندەك لایەن هەولددەن ڤێ پەیوەندیاموکم و ئەو ئارامی وئاشتی یا جڤاکی دناڤبەرا خەلکێ دەڤەرێ دا تێکبدەن، وخەلکێ دەڤەرێ ب گشتی ڤێ چەندێ قەبول ناکەت. ژلایێ خوڤە هاولاتی جومعە سلام دبێژیت: راستە نها ڕەوشا ئابوری دواریّن چاکسازی وخزمەتگوزاری دا یاخەلکی لاوازە و خزمەتگوزاری و دەلیڤەییّن کاری کێمن و ئەم هیڤی دکەین ئەڤ ڕەوشە بێتە چارەسەرکرن و ئەم بباوەرن کو حوکەتا هەرێما کوردستانێ وپارتی دیموکراتی کوردستان هەولدانێن مەزن دکەن ژبو باشترکرنا ڕەوشا ئابوری وخزمەتگوزاری ل سەرتاسەری کوردستانێ، ودڤێت هەموو پشتەڤانبن ژبو سەرئێخستنا پروژەییّن حوکمەتێ ئەڤ خوینشاندنە هاتە شێواندن و کارێن توندوتیژیێ بخوەڤە دیتن و دئەنجامدا هەژمارە پولیس وهێزێن پێشمەرگەی ییّن کو د ئەرکێ پاراستنا خو نیشاندەران دا بون هاتنە بریندارکرن، وههروەسا چەند لایەنێن سیاسی ژی ب ڕێ یا کەنالێن خوە ییّن میدیایی وسوشیال میدیا هەولددان ڤێ خونیشاندانێ بو مەرەمێن خوە ییّن تایبەت ب کاربینن.

حکوومەتی هەرێم قەرەبووی جووتیاران دەکاتەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 120 ڕۆژدا قەرەبووی ئەو جووتیارانەی دەکاتەوە کە زەوییەکانیان کەوتووەتە ناو ماستەڕپلان، یان پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لەسەر دروست کراوە.
حوسێن حەمە کەریم، ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لەسەر فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران لێژنەیەك لە وەزارەتەکانی شارەوانی و داد و کشتوکاڵ پێکدەهێنرێت بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ئەو جووتیارانەی کە زەوییەکانیان کەوتووەتە ناو ماستەڕپلان، یان پێشتر پڕۆژەی خزمەتگوزارییان لەسەر دروست کراوە.
ئاماژەی بەوەش دا: لەسەر ئاستی شارەکانیش چەند لێژنەیەکی لاوەکی پێك هاتووە بۆ ئەوەی ئەو جووتیارانەی کە پێش 18ی 12ی 2018 بڕیاری قەرەبووبیان هەبووە، قەرەبوو بکرێنەوە، بە مەرجێك کەیسەکانیان یاسایی بێت.
گوتیشی: کاری لێژنەکان ئەوەیە بە تەواوی کەیسەکاندا دەچێتەوە و لە ماوەی 120 ڕۆژدا وردبینییان بۆ دەکات، بەتایبەت ئەو جووتیارانەی گرێبەستی کشتوکاڵی، یان بڕیاری وەرگرتنی زەوییان هەبووە، دوای تەواوبوونی وردبینی لە کەیسەکان حکوومەت ئەو زەویانەیان لەسەر تاپۆ دەکات کە وەك قەرەبوو پێیان دراوە و بە زەوییەکانی 3% نا سراون.
حوسێن حەمە کەریم گوتیشی: ئەو جووتیارانەی پێشتر کارتیان وەرگرتبوو ڕاستەوخۆ زەوییەکانیان لەسەر تاپۆ دەکرێت.

ئاسایشی هەولێر دوو باندی دزیکردن دەستگیر دەکات



بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەڕاگەیاندراوێکدا بڵاویکردەوە کە سااڵێك پێش ئێستا لە گەڕەکی هەولێری نوێ بڕی سەد هەزار دۆلاری ئەمەریکی لە ماڵی هاوواڵتییەك دزرا بوو، دوای سااڵێك لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیە بە فەرمانی دادوەر توانرا چوار تۆمەتبار دەستگیر بکرێن و ئەو دەستگیرکراوانە لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دانیان بەتاوانەکەیان داناوە و بەپێی ماددەی (443) لە یاسایی سزادان ڕاگیراون.
هەروەها ئاسایشی هەولێر ڕاشیدەگەیەنێت کە باندێکی دیکەی چوار کەسیان دەستگیرکردووە، کە چوار ساڵ پێش ئێستا لە گەڕەکی پێنجی حەسارۆکان دزیان لە ماڵی هاووواڵتییەك کردبوو و بڕی 22 ملیۆن دینار، 375 مسقاڵ زێڕ، چوار هەزار دۆلاری ئەمەریکی و 3 دەمانچەیان دزی بوو.
ئاسایش ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو چوار کەسەی دەستگیرکراون بە تۆمەتی ئەو تاوانە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دانیان بە تاوانەکەیان ناوە و بە گوێرەی ماددەی (443) لە یاسایی سزادان ڕاگیراون.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، لیوا بەهرام عەریف یاسین
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان موقەدەم(ئەکرەم عەریف یاسین)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی موقەدم ئەکرەم برای خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.
....
بەڕێز، مامۆستا عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسوڵ
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو(ئامینە ڕەسوڵ)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای دلۆڤان داواکارین دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزمانتان ببەخشێت.
....
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد تەیب
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر (مامۆستا محەمەد تەیب)مان پێ گەیشت.
پرسە و سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم خزم و کەسوکارتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی پاکی مامۆستا محەمەد تەیب بەر دلۆڤانیی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامییش بە هەموو لایەك ببەخشێت.
....
بەڕێز جەلال حوسێن ئیسماعیل
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(خەدیجە ئیسماعیل)ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.
....
بەڕێزان، خانەوادەی شێخ محەمەد شێخ عەتا نورەباب
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیار(شێخ محەمەد شێخ عەتا نورەباب)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.
....
بەڕێزان، لە خانەوادەی تەها عەلی ئەسعەد زراری
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری زراری(تەها عەلی ئەسعەد زراری)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای دلۆڤان داواکارین دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزمانتان ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاسنامەیەک لە بنەماڵەی خالید ئازگەیی بەبۆنەی کۆچی دوایی سلیمان خالید ئازگەیی

بەناوی خوای گەورە و دلۆڤانەوە
سوپاسی بەڕێزان جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەڕێز د. فواد حسێن وەزیری دەرەوەی عیراقی فیدراڵ و بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێزان وەزیران و ڕاوێژکاران لە حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی لقەکان، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، پارتە سیاسیە کوردستانیەکانی چوار پارچەی کوردستان، پەرلەمانتارانی کوردستانی و عێراق و ئەمینداری گشتی پەرلەمانی عێراق و بەڕێزان هەر سێ پارێزگارانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و باڵیۆزانی عێراق لە دەرەوە و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی یەکێتی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان و گشت فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانەکان و بەرپرسانی لەشکەری و ئیداری و ئاسایش و بنەماڵەی بەڕێزی میری ئێزیدیان و کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان بە هەموو ئایین و نەتەوە و کوردانی تاراوگەو نوسەر و ڕۆژنامەنوسان و گشت هاوڕێ و کەسوکارو خزم و دۆستان دەکەیەن، چ لەڕێگەی تەلەفۆن، ناردنی پەیامی ئەلەکترۆنی و چ بە ئامادەبوونیان لە کاتی ناشتنی کاکە سلێمان ئەزیەتیان کێشا و باری قورسی خەمی لەدەستدانی کاک سلێمانتان بۆمان سوك کرد و گەورەییتان نواند.
ڕێزوسوپاسی بێ پایان و تایبەت و تەقدیر بۆ دڵنەوایی و بەسەرکردنەوەو هەڵوێست و هاوخەمیتان.
خوای گەورە پاداشی خێرتان بداتەوەو لە دەردو بەڵاو نەهامەتی و نەخۆشی و ناخۆشی بتانپارێزێ.

دلاوەر خالید ئازگەیی لە جیاتی بنەماڵەی خالید ئازگەیی

ژووڕا بازرگانیا دهۆکێ: ڕەوشا بازرگانیێ بەرەڤ باشبوونێ دچیت



سەرۆکێ ژووڕا بازرگانی و پیشەسازی ل پارێزگەها دهۆکێ دیار کر کو ڕەوشا بازرگانیێ ڕۆژ دووڤ ڕۆژێ یا بەرەڤ باشبوونێ ڤە دچیت. ژ ڕێزیا گومرکا ئیبراهیم خەلیل کەرەستێن خوارنێ و ڤەخوارنێ و ناڤالێ بەرەدەوام ژ تورکیا دهێنە هەرێما کوردستانێ.
ئەیاد حەسەن، سەرۆکێ ژووڕا بازرگانی و پیشەسازی ل پارێزگەها دهۆکێ بۆ (باسنیوز) دیار کر کو: ڕۆژ دووڤ ڕۆژێ ڕەوشا بازرگانیێ یا بەرەڤ باشبوونێ ڤە دچیت. ل پارێزگەها دهۆکێ پشتی ژبەر قایرۆسێ کۆرۆنایێ پیچەك کارتێکرن هاتیە کرن لێ نۆکە بارزگان دەست دایە ئەنجامدانا کارێن خۆ ییّن بازرگانیێ کو پتریا ترۆمبێلێن بارهەلگر ییّن ژ تورکیا دهێنە زاخۆ ئاهێن خوارنێ دئینن. هەروەسا ژی هەموو پشکنینەکا باش ساخلەمیێ ل سەر دهێتە کرن وەکو خوە پاراستن ژ ڤایرۆسێ کۆرۆنایێ، هەروەسا ژی کوالیتا کەرەستان. نۆکە کوالیتا کەرەستان گەلەك باشە چونکو چاڤدێریەکا چر ل سەر بازارێ هەیە وکەرەستێن کوالیتا وان نەباش ڕێك پێ ناهێتە دان بهێنە فرۆتن.
ئاشکەرا کر کو: نۆکە کەرەستێن کو بازرگان دئینن کوالیتا وان گەلەك باشە. ئەڤە ژی پێنگاڤەکا زۆر باشە بۆ پاراستنا ژیانا وەلاتیان وپشت ڕاستبوونێ ژهەموو جۆرێن کەرەستان. نۆکە هیچ کێشەك بۆ ئەنجامدانا کارێن بازرگانیێ نینە ب تایبەتی ژی ل دەرگەهێ سنۆری یێ ئیبراهیم خەلیل چونکو بازرگانێن دهۆکێ پتریا کەرەستان سنۆری ئیبراهیم خەلیل را دهێنە ناڤ دهۆکێدا.

ڕانیە... دوو سەرپێچیکاری ژینگە دەستگیرکران

لە سنووری ڕانیە، دوو کەس لە کاتی لێدانی بیری ئاو بە شێوەی نایاسایی، لەلایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەی ڕاپەڕینەوە دەستگیر کراون.
بێستوون عەبدوڵڵا، گوتەبێژی پۆلیسی داستان و ژینگەی ڕاپەڕین ڕاپەڕین بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی زانیاریان پێگەیشت کە دوو هاووڵاتی لە زەوییەکی کشتوکاڵی بە شێوەی نایاسایی سەرقاڵی لێدانی بیری ئاون، بە هاوبەشیی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ڕانیە گەیشتینە شوێنەکە و توانیان دەست بگرین بەسەر دەزگای بیر هەڵکەندنەکەدا کە لە جۆری دڕێڵ بووە. گوتیشی: هاوکات بە بڕیاری دادوەر، خاوەن زەوییەکە و خاوەن دەزگای لێدانی بیرەکەش دەستگیرکران و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراتەوە. بە گوتەی بێستوون عەبدوڵڵا، بەهۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانیان، بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو، لێدانی بیری ئاو بە شێوەی نایاسایی لە سنووردا کەمی کردووە.

لە ڕووداوێکی هاتووچوودا لە سەر ڕێگای دووکان- سلێمانی 15 کەس بریندارببوون

ڕۆژی هەینی 2020-8-20، لە سەر ڕێگەی تابین - دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی 15 کەس لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ بریندار بوون. پەیامنێری کوردستان24 ڕایگەیاند: ڕووداوەکە بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل بووە، یەکێکیان پاس و ئەوەی دیکەیان سالۆن بووە، لە ئەنجامدا 15 کەس بریندار بوون و بریندارەکان گەیاندووەتە شوێنی ڕووداوەکە بۆ گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە.



تێکۆشەرو کەسایەتی ناسراو شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی:

مەسعود بارزانی وەکو پێشمەرگە و کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی رۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەیە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورددا ئێستاکەش لە هەموو کات زیاتر گەلی کورد پێویستی بەو کاریزمایە هەیە



مەسعود بارزانی خودان ئەزموونی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری بوو کە لە باوک و شۆڕشگێڕانی کورد فێری ئارامگری و فیداکاری ببوو، سۆز و پەیمانی دووپات کردەوە بەراستی قوتابیەکی سەرکردەی قوتابخانەی بارزانییە و هەموو هەوڵ و ژیانی خۆی خستە خزمەتی شۆڕشی میللەتی کورد کە تا ئێستایش هەر بەردەوامە.

زانیار سەردار قرگەیی — بەشی چوارەم و کۆتایی

لەناو هەموو میللەتێکدا سەرکردەکان رۆڵێکی کاریان لە بنیاتانی نەتەوە و گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی ئەو نەتەوەیە هەیە، هیچ نەتەوەیەکیش بێ ئەم سەرکردە کاریزمایانە نەیانتوانیبوە بەرامبەر داگیرکاران خۆیان ڕابگرن، هەربۆیە نەتەوە ئازادیخوازەکان شانازی بە سەرکردە و بیرەوەرییەکانیانەوە دەکەن، گەلی کوردیش خاوەنی دەیان سەرکردەی گەورەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی ناسراوی گەلی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەبووە و هەیە و میژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم سااڵنەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەرک و کارەکانی هێجگار گرانتر و پڕ زەحمەت تر و هەستیارتر و تەنانەت مەترسیدارتر بووە بۆ سەر ژیان و کارەکانی.. لە 25/ئەیلوولی/2017 ئەم ڕابەرە مەزنە توانی کارە مەزنەکە (ڕووداوە گەورەکە) ئەنجام بدات کە کەس بە باس لە دابەشبوون و پەرتەوازەیی یەکڕیزی و یەکگرتوویی کوردستان دەکەن.

هەموو سەرکردە و شۆڕشگێڕانی کورد دەیانزانی ڕێگەی خەبات و سەرکەوتن زۆر قورس و دژوار و ئەستەمە و پێویستە شان بەشانی فشار و پەلامارى دوژمن و پێکهاتەی داگیرکەران و تواناکانیان بەشێوەی گونجاو داخوازیەکان قۆناغ بەقۆناغ داوا بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن، ئەوەتا لە سەرەتای شۆڕشەکانی بارزان لە 1903دا شێخ عەبدولسەلام بارزانی داوای یەکسانی و مافە سەرەتاییەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد و شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵەکانی 1927-1936 هەمان داواکاری لە دەوڵەتی عێراقی و بەریتانی دەکرد و لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی دا مستەفا بارزانی هەمان ڕێبازی پیادە کرد و داوای لە بەغدا دەکرد مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

لەو سۆنگەوە بۆ دابین کردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد گەلێ یاداشت و بەڵێننامە دەرچوون وەك بەڵێننامەی عەبدولکەریم قاسم کە دەڵێت: (العرب والاکراد شرکاو فی هڕا الوگن) و بەیانی لامەرکزی لە کوردستاندا لە سەردەمی حوکمڕانی حزبی بەعس لە 1963 و ڕێککەوتنی 29 حزیرانی نێوان حکوومەتی ناوەند و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و ڕێککەوتننامەی 11 ئاداری 1970 و پاشان جێگیرکردنی حوکمی فیدراڵی کوردستان لەناو برگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقیدا لە 2005.

ئەمە هەموو خۆیندنەکی خێرا بووە لە قۆناغەکانی پێشڕەوی کردنی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد لە باشووری کوردستان دا کە هەموویان زۆر گرنگ و کارتێکەر بوون لە نزیك کردنەوەی ئامانجەکانی میللەتی کورد بۆ ڕزگاربوون و سەربەخۆیی تەواو و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. پاشی ئەو شۆڕشە خوێناوییەکان و قوربانی دانی هەزارەها شەهید و کیمیاباران و ئەنفال کراوەکان و بەرخودانی میللەتی کورد لە بەهاری ساڵی 1991 و دامەزراندنی پەرلەمان و دەزگاکانی حکوومەتی کوردستان و هەڵبژاردنی مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێم لە 2005 ئاسۆیەکی ڕوون دەرکەوت و هەموو لایەك هەستیان بەوە کرد کە دەرفەتێکی باش و گونجاو بۆ میللەتی کورد لە باشووری کوردستان ڕەخساوە کە لەم بارودۆخەدا بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن.

مەسعود بارزانی وەك سەرکردەی بەئەمەکی قوتابخانەی بارزانیی نەمر هەستی بەوە کرد کە ئەو هەموو هەلومەرج و دەرفەتانەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە و لەناو محافلی نێودەوڵەتی هاتوونەتە پێش، دەرفەتێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و خەونی لەمێژینەی باب و باپیران و ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی کوردستان بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان زیاتر شاد دەکات.

بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری، بۆ گۆڕبەگۆڕ کردنی چەوسانەوە و خۆپەرستی شۆڤێنی و دیکتاتۆریەت، بۆ بن خاك کردنی خەونەکانی سەددام و عەماش و عەلی کیمیاوی و مالیکی و خزعەلی و هەزارەهای وەك ئەوان.. بۆ سەربڵندی و سەروەری خاکی کوردستان، هەموو دۆست و ئاشتیخوازان لە سەرتاسەری جیهان لەگەڵا مەسعود بارزانیین بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای شەکاوەی کوردستان و جارِدانی سەربەخۆیی..

دوا پەیڤ وادیارە قسەکانی نووسەری کوردی میسری دوریە عوجی لە جێگای خۆی دا بوو کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە 1992 لە ڕادیۆی BBC بەریتانی لە لەندەنەوە لە وتارێکی مێژوویی بەناونیشانی (بارزان کارخانەی دابین کردنی سەرکردەی قارەمانە بۆ میللەتی کورد). قسەکانی وا دەڕچوو، چونکە بەدرێژایی 120 ساڵا بنەماڵەی شێخەکانی بارزان زۆر لە سەرکردە و تێکۆشەر و قارەمانی مێرخاس و چاونەترس و کۆڵنەدەری بەمیللەتی کورد بەخشی، هەر لە شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی هەتا دەگاتە ئیدریس و سەرۆك مەسعود بارزانی و گەشەکردنی ڕۆڵی بەڕێزیان نێچیرڤان و مسرور بارزانی لە پێشکەش کردنی حەز و جەوهەری بێ سنوور بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێش بردنی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە و دابین کردنی متمانە و ئەمن و ئاسایش و ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان.

• لە درێژەی ئەم دیانەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵوێست و پێداگیری مەسعود بارزانی لەسەر ماف و سەروەرییەکانی میللەتی کورد نەگۆڕە ئایا ئەمە لەسەر چ بنەمایەك هاتووە؟

- هەرکەسێ بەدواداچوون بۆ ژیان و تێکۆشانی مەسعود بارزانی کردبێت دەزانێ کە لە مێردمندااڵییەوە چوونەتە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە و بەشداری لە ڕێرەوی خەباتی چەکداری کردووە و هەمیشە لە ژێر فەرمانی بارزانیی نەمردا بووە و یەکێك بووە لە قوتابیانی بەهرەمەندی ئەو ڕێبازە و لە ڕیزەکانی ئەو کەسانە دەژمێردرێ، کە ڕۆڵی گرنگیان بووە لە کۆڕی خەباتدا.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، دەبینین ڕۆڵی مەسعود بارزانی وەکو ڕابەر و نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ لە ئاسمانی کوردستان دەگەشێتەوە بەتایبەت پاش هەڵبژاردنی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1979 بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەرگرتنی متمانەی جەماوەری پارتی و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان، بەم ئەرکە بەرپرساریەتی مەسعود بارزانی قورستر بوو، کەوتە بەردەم تاقیکردنەوەی واقیعێکی گەورە و مێژوویی کە لەو کاتەدا کوردستان خۆینی لێ دەچۆڕا و لە ژێر فشارێکی توندوتیژ نێودەوڵەتی بوو لە هێرشی دڕندانەی دوژمنان و ڕژێمە خوێنمژەکان و دیکتاتۆر و چەسپاندنی گەمارۆی ئابووری و دەربەدەر بوونی هەزاران خەڵکی بەشەرەف بۆ وڵاتانی دەرووبەر و ئەوروپا و خوارووی عێراق و شوێنەکانی تر. بەڵام شتێك لەو سەرکردە دیار بوو ئەوەبوو کە خودان ئەزموونی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری بوو کە لە باوك و کەسوکار و شۆڕشگێڕانی کورد فێری ئارامگری و فیداکاری ببوو، سۆز و پەیمانی دووپات کردەوە بەراستی قوتابیەکی سەرکردەی قوتابخانەی بارزانییە و هەموو هەوڵ و ژیانی خۆی خستە خزمەتی شۆڕشی میللەتی کورد کە تا ئێستایش هەر بەردەوامە.

• وەك کەسێکی ئاگادار لە ڕەوش و ڕووداوەکان کە بۆخۆشت تێپاندا ژیاویت، ئەگەر چەند سەرە قەڵەمێك لەو هەڵوێست و پێداگرییانەی مەسعود بارزانی لە ڕێرەوی خەباتی کوردایەتی بخەیتە ڕوو وەك کورد واتەنی: مشتێك نموونەی خەروارێکە؟

- لە ڕۆژی دەڕچوونی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، مەسعود بارزانی ڕاستەوخۆ ئەو ڕێککەوتنەی ڕەتکردەوە و دژی وەستا و بەڵێنی بە پارتی و خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەی قارەمان دا بەزووترین کات چەکی شەرەف هەڵدەگرن و هەموو شاخ و داخەکانی کوردستان دەکەنە گۆڕستان بۆ داگیرکەران و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندییەکانی لەگەڵا کادر و بەرپرسانی پارتی و پێشمەرگەی کوردستان چڕکردەوە بۆ خۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی ریزەکانیان. ئەوەبوو یەکەمین تەقە بەدەستی پێشمەرگەی سەری پارتیزان لە 26ی گوڵانی 1976 دژی هێزەکانی داگیرکەری عێراقی لە شاخەکانی کوردستان دەستی پێ کرد و دووبارە ئاڵای شۆڕشی خەڵکی کوردستان لەسەر شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بەرز بۆوە و خەونەکانی بەعسی فاشستی لەگۆڕنا کە خودی مەسعود بارزانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و بەشداری شەڕەکانی دەکرد.

مەسعود بارزانی وەك پێشمەرگە و سەرکردە لە زۆربەی شەڕ و چالاکیەکان بەشداری دەکرد و هەمیشە هانی دەدان بۆ وەشاندنی گورزی کەمەرشکێن و کوشندە وەك شەڕەکانی خواکورك لە ساڵی 1988 و شەڕی دەربەندی کۆڕێ کە بەڕێزیان سوێندیخوارد جارەکی تر لە خاکی کوردستان دەرنەکەوێتەوە و سەروەرییەکی گەورەی لەگەڵا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کرد و دوژمنانی ناچارکرد کرد پاشەکشێ بەهێزەکانیان بکەن و ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، ئەمە و سەرپەرشتی کردنی بەڕێزیان لە شەڕەکانی دژی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان لە مانگی8/2014 و دووڕخستنەوەیان و پاراستنی سنووەکانی کوردستان. داکۆکی و پێداگری لەسەر ڕۆڵا و مافەکانی میللەتی کورد لە هەموو پەیوەندییەکان و گفتوگۆکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و لە کاتی سەردانەکانی بۆ پایتەختەکانی تاران و ئەنقەرە و پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بەتایبەتی لە کۆنفرانسەکانی بەرهەڵستکارانی عێراقی لە لەندەن و نیویۆرك و سەلاحەددین، دەبینین چۆن مەسعود بارزانی داکۆکی لەسەر دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کورد دەکردەوە و لەنێو هەموو بەڵاغ و بەیانەکانی دەرچوونی ئەو کۆنفرانسانەدا جێ پەنجەیان دیار بوو.

پاشی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرپەرشتی ئەمریکا لە 2003 و دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکمڕانی لە عێراقدا، مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی کارای بینی لە چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی و ناسینی هەرێمی کوردستان و و قبوڵا نەکردنی وتەکانی ئەوکاتەی حاکمی عێراق (پۆل بریمەر) کە هێزی پێشمەرگە وەك میلیشیا دەناساند و پێداگری بارزانی لەسەر هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی نیشتمانی و خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژ لە پاراستنی خەڵکی کوردستان.. هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە چەسپاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەناو دەستووری عێراقی فیدراڵا و چەسپاندنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی لەهەمبەر کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر و چۆنیەتی گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بەشی کوردستان لە بودجەی عێراقدا. چ جای ڕەتکردنەوەی بەڕێزیان بە چەسپاندنی سیستەمی موحافەزات.

پێداگری جوامێرانەی مەسعود بارزانی لە پاراستنی سنوورەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان لە ئاژاوە و هێرشەکانی دەرەوە و هەرێمایەتی، هەمیشە سوور بوو لەسەر بەرگریکردن و ڕێگەنەدان بۆ سنوور بەزاندنی وڵاتان، ئەمەش دیار بوو لە کاتی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی بۆ کوردستان و گەفەکاری مالیکی بۆ سەر باشووری کوردستان و ئامادەکردنی فەرماندەی هێزەکانی دیجلە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە چەپەڵەکانی نووری مالیکی، بەڵام بە بەرخودان و هەڵوێستەکانی مەسعود بارزانی و خەڵك و پێشمەرگەی کوردستان جارێکی تر هەموو پیلان و مەرامەکانی نووری مالکی ژێر خاك کرد.

هەمیشە بەرگری و پارێزگاری لە بەشەکانی تری کوردستان دەکرد.. بۆ نموونە لە سەردانی مەسعود بارزانی بۆ دیمەشق لە ساڵی 1977 یەکەمین داخوازی لە سەرکردەکانی سووریا ئەوەبوو زیندانیانی کورد ئازاد بکرێن ئەوانەی بە هەر هۆیەکی سیاسی لە بەندیخانەکان کۆتوبەند کرابوون. تا ئێستایش مەسعود بارزانی پشتگیری لە خەباتی سیاسی و دادپەروەرانەی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکات و وەك سەرکردەیەکی نیشتمانی بۆ هەموو پارچەکان سەیر دەکرێت.

مەسعود بارزانی هێما و سەروەرییەکانی میللەتی کورد لە خەسڵەتەکانی تەوازع و ڕێزگرتنە لە هەموو کەسایەتی و چینەکانی خەڵك و میوان و پیاوانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و خاوەن پیشەکاران و بەهرەمەند و ئەدیب و... هتد. لە زۆربەی یاد و بۆنە ناخۆش و دڵتەزێنەکاندا هەستی بەڕێزیان جوڵاوە و فرمێسکی لە چاوان داباریوە و وەك باوکێکی دڵسۆز و هەستیار دڵا و ویژدانی هەژاندووە.

• بابەتێك مابێت پرسیارمان لەسەری نەکردبێت، خەونی گەورەی مەسعود بارزانییە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانە ئەم خەونە بۆ ئەم سەرکردەیە و نەتەوەی کورد چی دەگەیەنێت؟

- خەونی هەموو سەرکردە و تێکۆشەرێکی کورد، ڕزگاری و سەروەری خاکەکەیەتی نەك مانەوە بە پاشکۆبوون و ژێردەستەیی کە تا دنیا دنیایە چاو لەدەست بێت، بۆیە گەیشتن بە مافە بنچینەیی و ئامانجە نەتەوەییەکان هەمیشە لەپێشینەی دروشم و هیوا و ئاواتەکانیەتی، کە گرنگترینیان ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆییە. ئەگەر تەماشای شۆڕشەکانی کورد بکەین، دەبینین تواناکانیان لە چوارچێوەی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین چڕ کردۆتەوە، لەو پێناوە بەمەردانە ژیاون و سەریان بۆ نەیار و ناحەزانیان دانەنواندووە و قوربانی گەورەیان داوە و هەمیشە دژی ئەو هەوڵانە وەستاونەتەوە



قەرەبووکرنەوەی قوتابیانی پۆلی 12 کۆتایی یارییەکە نییە


هێمن سورچی

بێگومان ئەنجامدان و کۆتایهاتنی ئەزموونە گشتیە خولی یەکەمی پۆلی دوانزەی ئامادەی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ بە گشت بەشەکانیەوە مایەی دەست خۆشیە لە وەزارەتی پەروەردە و لێژنەی ئەزموونە گشتیەکان لەم هەلومەرج و ئەتموسفێرە ڤایرۆساویەی کە جیهان بە دەستیەوە دەنالێنێت و کوردستانیش بەدەر نیە لەم مەترسیە گەورەیە، بەڵام جێی خۆیەتی لێرە دا رەخنە لە وەزارەتی پەروەردە بگرم کە نەتونێت لێژنەیەکی پرۆفێشنال ئامادەبکات بۆئەوەی زۆر زانستیانە مامەڵە لەگەڵ پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان بکرێت کە تیایدا ڕەچاوی کۆمەڵێ پرەنسیپی زانستی و سایکۆلۆژی بکرێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی نێگەتیڤانە نەکاتە سەر چارەنوسی قوتابیانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی .

وەک ئاشکرایە پرۆسەکە بەدەرنەبوو لە بوونی هەڵەی زانستی لە زۆربەی بابەتەکان ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەروونی قوتابیان و تووشی دڵەڕاوکێو و بێمتمانەی دەبن تەنانەت لە تاقیکردنەوەیەکەوە بۆ تاقیکردنەوەیەکی تر کاریگەری خراپی دەکردە سەر ئاست و توانایی قوتابیان لە وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دواتر

لێرەدا، ئەمەی لە گشتی مەترسیدارترە، بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی نوسراوێک بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەی قوتابیان بەهۆی بوونی چەند هەڵەیەکی زانستی لە نێو پرسیارەکان کە تیای دا وانەی ئینگلیزی پشکی شێری بەرکەوت. من قەرەبووکرنەوەی قوتابیان بە کارێکی باش دەزانم و دەست خۆشی لە وەزارەت دەکەم بۆئەوەی مافی هیچ قوتابیەک نەفەوتێت، بەڵام کارەسات لێرەوە دەست پێدەکات، چونکە من ئەگەر وەک مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی باس لە پرسیارەکانی ئەم بابەتە بکەم بینیمان کە پرۆسەی راستکردنەوەی وەڵامەکان بە دوو هەنگاوئەنجام درا لە هەردوو هەنگاوەکەش نامەوێت لێتان بشارمەوە کەموکوڕی زۆر بەدیدەکرا، ناکرێت لێژنەی ئەزموونەکان بەدووجار نەتوانێت هەڵکانی نێوپرسیارەکانی وانەی ئینگلیزی دەستنیشان بکات سەرەڕایی بوونی چەندین مامۆستا و پسپۆڕی بەتوانا و بە ئەزموون لەسەر سلکی ئەم وەزارەتە. لە هەردوو پرۆسەی راستکردنەوەی پرسیارەکان پرسیاری راست هەبووە هیچ کێشەیەکی نەبووە کەچی بەهەڵە داندراوە و قوتابیان قەرەبوو کراونەتەوە گوایە ئەم پرسیارە راستانە هەڵەن کەچی لە بنەڕەت دا کێشەیان نەبووە، لە هەمان کاتیش دا پرسیار هەبووە تاکو پرۆسەی راستکردنەوەی دووهەم لە لایەن لێژنەی ئەزموونەکان درکی پێنەکراوە سەرباری هەموو ئەمانەش پرسیاری وا لەنێو پرسیارەکان داهەیە کە لە پۆلی دوانزدە بەهیچ شێوەیەک وەک بابەتێکی گرامەری باسنەکراوە تەنها و تەنها یەک راهێنانی زۆر بەشێوەیەکی سادە لەسەر باسکراوە لە پەرتوکی چالاکی کەچی بە جۆرێک پرسیاری لێهاتۆتەوە لە ئاستی قوتابیان دا نەبووە، چونکە پرسیارەکە لەوانەیە بۆ ئاستی خوێندنی زانکۆش قورسبێت بێگومان ئەمەش واتای ئەوەیە کە لەوانەیە ئەم لێژنەیەی پرسیارەکانی زمانی ئینگلیزی داناوە وەک پێویست پشتی بە سەنرایزی پۆلی ١٢ نەبەستێت یان ئەوەتا وەک پێویست لێی ئاگادار نەبووبێت، هەروەها دەمەوێت تیشک بخەمە سەر خاڵێکی تر کە بە گشتی پرسیارەکان لە ڕووی فکرەی زانستیەوە زۆربەیان قورسبوون بەڵام ناکرێت بە زمانی رەخنە سەیری ئەم خاڵە بکەم، بەڵام باشتر وایە پرسیارەکان بەسەرسێ ئاست دابەشبکرێن (ئاسان، مامناوەن، ئەدڤانس) بۆئەوەی مەنتقی و ئەکادیمیانەتربێت .

لەکۆتایدا، داواکارم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە کە بەڕاستی خەمخۆرێکی سەرسەختی قوتابیان و مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکرنە لە هەرێمی کوردستان لەمەودوا هەوڵبدات خۆی هەڵسێت بە ئامادەکردنی لێژنەیەکی پرۆفێشنال لەژێر چاودێری خۆی بۆ سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەکانی پۆلی دوانزەی ئامادەی بۆئەوەی زۆر زانستیانە و تەندروستانە بڕوات بەڕێوە و کاریگەری خراپ لەسەر دەروون و چارەنوسی قوتابیان دروست نەکات.



بۆچی ساڵانە تاقیکردنەوە گشتییەکان بێ هەڵە بەڕێوەناچن؟



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

ساڵانە لەگەڵ دەسپێکی تاقیکردنەوە گشتییەکان مشت و مڕو بۆچوونی جیاواز لەسەر هەڵەی پرسیارەکان، ناڕوونی پرسیار ، خراپی لە وەرگێڕان ، پرسیارهاتنەوە لە دەرەوەی پڕۆگرامەکان دەبنە سەرچاوەی گلەی مامۆستایان و شارەزایانی بواری پەروەردە، پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە بۆچی سەرڕای گرتنە بەری هەموو ڕێوشوێنێك، بەڵام تاقیکردنەوەکان بێ هەڵە تێناپەڕێت؟ لەگەڵ هەموو کەم و کوڕییەکان ، ئایا تا ئێستا لێپێچینەوە لەگەڵ کێ کراوە؟ سەرچاوەی دانانی پرسیارەکان کوێیە؟ کێن ئەوانەی دایدەنێن ؟ ئایا لەخولی دووەمی تاقیکردنەوەکان ئامادەکاری بە جۆرێك کراوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان ڕووبەڕووی هەمان گازاندەی خولی یەکەم نەبێتەوە لە دیمانەیەکی تایبەتدا ئەم پرسیارانەمان ئاڕاستەی کەریم لەتیف بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان کرد :

بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکان بۆ خەبات :

پرسیاری دوو وەڵامی پەیوەندی بە پڕۆگرامەکانەوە هەیە هەندێ پرسیار هەیە لە بنەماوە لە پڕۆگرامەکاندا هەڵەیە

ئەمساڵ ڕێژەی دەرچوون لە ساڵی پار کەمترە ،بەڵام نمرەی بەرز زۆر هاتووە

تەنها لاوازو مام ناوەندەکان سوودمەند بوون لە 35 نمرەکە لەبەر ئەوەی زیرەکەکان وەڵامی کۆنترۆڵیان هەڵبژاردبوو



پار لەهەندێک پرسیار وتیان هەڵە هەیە شێوەزاری سۆرانی و بادینی تێکەڵ کرابوون سێ لە ئەندامانی لیژنەی باڵا دوورخرانەوە

پیشاندانی پەڕەی سۆما بە قوتابی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان زۆر شەفافە

بۆچی پرسیاری دوو وەڵامی لە پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا هەیە لە کاتێکدا هەڵبژاردن یەک وەڵامی هەیە ؟ ساڵانە لەسەرچ کێشێک پرسیارەکان دادەنێن؟

ئێمە ساڵانە لەسەر دواین چاپکراوی شێوازی سۆرانی پرسیارەکان دادەنێین، یەکێک لە هۆکارەکانی پرسیاری دوو وەڵامی پەیوەندی بە پڕۆگرامەکانەوە هەیە هەندێ پرسیار هەیە لە بنەماوە لە پڕۆگرامەکاندا هەڵەیە ، هەندێک پرسیار هەیە لەچاپێک هەیە لەوی تر نییە، پرسیار هەیە لە کوردی هەیە لە ئینگلیزی نییە، ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی کەلە پرسیارەکان هەیە بەهۆی پڕۆگرامەکان، بابەتێکی تر ئەوەیە هەموو کەم و کوڕییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە وانەی تایبەت بە شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاو کەمتەرخەمییەکانی تر هەمووی ڕەنگدانەوەکەی لەم بەڕێوەبەرایەتییەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و لەم تاقیکردنەوەیە.

• بۆچی پرسیار لە ئەزموونە گشتییەکان بێ هەڵە تێناپەڕێت ؟

ڕەنگە هەندێک جار هەندێک هەڵە لە ڕووی وەرگێڕانەوە ڕووبدات لەبەر ئەوەی شێوازی پرسیارەکان زۆرە لە ڕووی کۆپی و وەرگێڕانی بۆسەر زمانی عەرەبی ، ئینگلیزی شێوەزاری بادینی ، تورکمانی هەتا هەندێک لاتینیش ، بەڵام وەک هەڵە نەئەمساڵ و نەپار هەڵە لە پرسیارەکان نەبووە ، شێوازی هەڵبژاردن ئەو سیستەمەی ئێمە پەیڕەوی ئەکەین ئەبێت وەڵامەکان لێک نزیک بن و جیاوازی نێوان قوتابیان و خوێندکاران بکات و ئاستەکانی قوتابی لە نێوان زیرەک و ناوەندو لاواز جیابکاتەوە ، هۆکارێکی تر ئەوەیە بەشێک لە مامۆستایان مەلزەمەو وانەی تایبەتیان هەیە ئەوانە بەشێوەیەک دەکەونە ناڕەزایی دەربڕین کاتێک ئەبینن پرسیارەکان وەک ئەو مەلزەمەیە نییە کە دایانناوە یان واک ئەو وانە تایبەتە نییە کە وتویانەتەوە .

•ئایا لێژنەی پرسیار دانان هەموو ساڵێك دەگۆڕێن یان دووبارە دەبنەوە؟

لێژنەکە ساڵ بەساڵ دادەنرێت، بەڵام هەموویان نا هەیە دوور دەخرێتەوە هەیە خانەنشین دەبێت هەشە خۆی واز دەهێنێت .

•ئایا هیچ ساڵێك لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ مامۆستایەك کراوە لەوانەی پرسیار دادەنێن بە هۆکاری هەڵەو دزەی پرسیار؟

پار هەندێک لە پرسیارەکان وتیان هەڵەیە لە شێوەزاری سۆرانی و بادینی تێکەڵ کرابوون و پرسیاری عەرەبیش دیار بوو مشت و مڕی لەسەر بوو سێیان لە ئەندامانی لیژنەی باڵا دوور خرانەوە.

• ئەو 35 نمرەیە کەبەڕوونکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەتان بڕیاری لەبارەوە درا ناچێتە چوار چێوەی ناڕوونی پرسیار قوتابی تاچەند لێی سوودمەند بوو ؟

بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر ئەو چەند پرسیارەی بڵاو کرایەوە هەندێک وتیان سێ هەڵبژاردە ڕاستە هەندێکیش وتوویانە ڕێک پرسیارەکە هەڵەیە قەرەبووکەش بەو جۆرە نییە هەر قوتابییەک 35 نمرەی وەرگرتبێت هەیە بە دوو نمرە هەیە بە دە نمرە سوود مەند بووە هەیە بە هیچ سوود مەند نەبووە بەپێی داتاکانی خۆمان کە هەڵسەنگاندنمان کرد قوتابییە زیرەکەکان زۆرکەم سوودیان لەو قەرەبووە وەرگرتووە لاوازو مام ناوەندەکان سوودمەند بوون لەبەر ئەوەی زیرەکەکان وەڵامی کۆنترۆڵیان داوەتەوە بێگومان لەبەر ئەوەی لەسەر کتێب خوێندویانە بۆیە داوا لە قوتابیان و خوێندکاران ئەکەم بە هیچ جۆرێک پشت بە مەلزەمە نەبەستن.

•پێتان وایە ئەمساڵ نمرەیەکی زۆر هاتووە یان وەک ساڵانە ؟

ڕێژەی دەرچوون لە ساڵی پار کەمترە ، بەڵام نمرەی بەرز زۆر زۆرتر نییە ، بەڵام نمرەی بەرز زۆر هاتووە بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو لەبەر دوو هۆکار یەکێک لەوانە ئەوەبوو قوتابیان ماوەیەکی زۆریان لەبەر دەست بوو بۆ خوێندن ، دووەمیان پڕۆگرامەکانیش بەشێکی زۆری لێ تەرککرا کە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ قوتابی

*پاداشتی مامۆستایانی چاودێر بەم زوانە دەدرێت یان وەک ساڵان دوا دەکەوێت ؟

من سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانم کردووە بۆ ئەو مەبەستە و دوو نوسراوی فەرمیان کردووە و سەردانی وەزارەتی داراییم کردووە، یەکێکیان بۆ ئەوەی پاداشتێکی تایبەت بدرێت بە مامۆستایان لەبەر بارودۆخی تەندروستی کە ئێستا هەیە جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ، بەڵام تا ئێستا ئەو پارەیە تەرخانە کراوە .

•ئەگەر قوتابی پەڵپ لە نمرەکەی بگرێت ئێوە پێداچوونەوە بەچی ئەکەن سۆماکەی یان لیستی پرسیارەکانی یان تەنها نمرەکەی ؟

پار ئێمە لە خولی یەکەم 20000 پەڵپمان هەبوو لە خولی دووەم کە پەڕەی سۆمامان ڕاگەیاند بووە 400 پەڵپ ئەمساڵ لەبەر ئەوەی ئێمە فۆرمەکان ڕادەگەیەنین هەر قوتابییەو فۆرمی خۆی دەبینێت بەهانەیەکی ئەوتۆ نامێنێتەوە کۆنترۆڵ یەک بەیەک بە داواکارییەکانییان دەچێتەوە، پیشاندانی پەڕەی سۆما بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان زۆر شەفافەو 144142 قوتابی پەڕەی سۆمای خۆیان دەبینن ئەگەر ئێمە دڵنیا نەبیت کارەکانمان زۆر ڕاستە ئەوە ناکەین .

•دەربارەی ئەوەی کە ئایا هیچ ئامارێکی وەزارەتی تەندروستیتان هەیە کە قوتابی تووشی کۆرۆنا بوو بێت و تاقیکردنەوەی نەکردبێت ؟

تا ئێستا ئامارمان بۆ نەهاتووە کە هیچ کەسێک بەهۆی کۆرۆناوە نەیتوانیبێت تاقیکردنەوە ئەنجامبدات ئەگەر هەشبێت لە خولی دووەم و لە مانگی نۆ دەتوانێت لە 1/9 تاقیکردنەوە بکات ئەگەر هەر ئەو کاتیش هەبوو بە ئامادە وەزارەتی تەندروستی کە بڵێ ئەو قوتابییە نەیتوانیوە نەلە خولی یەکەم و نە دووەم تاقیکردنەوەی نەکردووە ئێمە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتیان پێدەکەین .

•ئایا هیچ کەسێك لێپێچینەوەی لەگەڵ کراوە ئەمساڵ ؟

هیچ هەڵەیەك لە پرسیارەکان نەبووە تا لێپێچینەوە لە کەس بکرێت ئەو مامۆستایانەی دایانناوە نوخبەی باشی پەروەردەکانن.



چەند پێشنیارێک بۆ وەزیری پەروەردە

بارزان محمدەسوورە

ئەوچەند ڕۆژەی لەهۆڵەکانی تاقیکردنەوە بووم، چیم دیت وەك خۆی چەند سەرنجێك لەو بارەیەوە دەخەمە ڕوو:

پێویستە لە وبابەتانەی بۆ شیکاری پرسیارەکان، کە کاغەزی پێویستە، زەروورە لەگەڵ پرسیارەکان پێکەوە بن نەوەکو جیاواز کاتی زۆر لەقوتابیان دەگرێت، پرسیارو وەرەقەی شیکاریەکە پێکەوە لێکدرابن

چونکە فۆرمی سۆما+ پرسیارەکان+ وەرەقەی بەتاڵ+ خوێندنەوەی ناوەکان، لەلایەن بەڕێوەبەری هۆڵ. کاتێکی زۆر لەقوتابیان دەگرێت و ژاوەژاوی زۆر دروستە دەکات .

پێویستە بەڕێوەبەری هۆڵەکان، هێمنی هۆڵەکان بپارێزن، زۆر گاڵەگاڵ و مەتح و سەنای خۆیان نەکەن هەرجارەو بەڕێوەبەری هۆڵ کە گۆڕا ئەوەی دێت چارەکە سەعاتێك وەسفی خۆی نەکات .

باشترین شت نەهاتنی سەرپەرشتیاران (مشریف)و بەڕێوەبەری پەروەردەکان، بۆ هۆڵەکان چونکە ئارامی هۆڵەکان باشتر پارێزراوەو ئەرکی مامۆستایانیش جدیتر دەکات.

واژۆکردنی فۆرمی سۆما لەکاتی وەڵام دانەوەی قوتابی.کەبەڕێوەر دەچێتە لایان و ئیمزاەکات قوتابیان سەرقاڵ و بیریان ئاڵۆزدەکات.

مامۆستیان سێ کاتژێرونیو زیاتر، لەژووروەوەن بەبێ هیچ خواردن و خواردنەوەیەك، پێویستە ئامادەکارییەك بۆ ئەمەش بکرێت.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولەی ٠٧٨٢٤٠٢ رێکەوت ٢٠١٩/١٠/٢١ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی قاسم محمد فتاح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کەسنەزان ژمارەی پسوولەی ٠٦٠١١٠ رێکەوت ٢٠١٦/٤/٤ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی بەختیار صوفی حاجی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /٦٢/ت.د/٢٠١٣

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٦٢/ت.د/٢٠١٣ المتضمن بيع العقار المرقم ١٣١/١ مقاطعة ٨٩ شيوەكور المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة /٦٢/ت.د/٢٠١٣

الموقع /١١ ئيلول المساحة ١٥٠ م٢ الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (٥٧,٠٠٠,٠٠٠) سبعة وخمسون مليون دينار عيراقي

المنفذ العدل

ناطق نافع صديق

***

دادگای باری کەسی سۆران

ژمارە: ١٦١/ش/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٧

بۆ/ داوالێکراو (شهرزاد نضير باز محمد)

شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

پێراگەیاندن

ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠٢٠/٨/١٢ لە داوای ژمارە (١٦١/ش/٢٠٢٠) بەپاشملە بریاری داوە بە پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی نێوان داواکار (انور خوستی مام جان) و داوالێکراو (شهرزاد نضير باز محمد) لە ٢٠٢٠/٦/٢٥ و تەلاقەکە بە (طلاق رجعی) دانراوەو بریارەکەش شیاوی ناڕەزایی و پێداچوونەوەیە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگا لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت دەکاتەوە بەبریارە کە و بۆت هەیە لەماوەی یاسایدا تانەی لێبدەیت ئەگینا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٥ / م / ٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٨

جاردان

بۆ داوالێکراو/ عائد جاسم سيف شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (هديل فيصل غازی) داوای ژمارە ١٥ / م / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (پەسندکردنی جیابوونەوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کارێز بۆیە دادگا بڕیاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٩/٢٠ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٢

ئەم دیمەنە زۆر ڕاستە، حەقیقەتە، بەموو خیلافی نییە، بەڵام وەکو خۆی، وەکو ڕاپۆرێکی بێ ڕوتووش، گوێزراوەتەوە، بۆیە ئەوەندەی ڕاپۆرێکی ڕۆژنامەوانیە، چیرۆک نییە، چونکە لە چیرۆکدا مالیجەی هونەریی شەرتە، کە لەم دەقەدا لایەنی مالیجە هونەریەکە تەواو فەرامۆش کراوە.. بۆ نموونە دەکرێ مێژووی میللەت، بە شێوەیەکی ئەدەبی خەیاڵی بێتە دارشتنەوە، بە تایبەتی مێژوویەک بە شیواوی وبە مەبەستێن دیاریکراو هاتبێتە تۆمارکردن، یەکێک لە ئەنگیزەکانی مودێرنە، گەڕانە لە شێوازێکی هونەری کە بتوانێ هەمە جۆری وگونگیەکانی واقیعی سەردەمی خۆی سەرکەوتووانە بهونەرێنێ.. هونەراندن، نەک گێڕانەوەی لامسەرلایی! ئەدەبی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە کار لە مرۆڤ بکات، نەک تەنیا لە ڕووی جۆاکی و سیاسییەوە. مرۆڤ لە مرۆڤ بوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە، هانی بدات، لە قاوغی خۆی دەری بێنێ، زیاتر ئاشنای واقیعی بکات وبە هیچ نرخێ دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی نەبێت، چونکە هەرکەسێک دەستبەرداری غرووڕ ومرۆڤانی خۆی بێت، پێ بحەسێت یان نا کار بۆ کۆیلاندنی خۆی دەکات.. هەڵبەتە مودێرنە بە دوور لە بینای ڕۆحی مرۆڤ نایەتە بیناکردن و ئەدەب یەکێکە لە بواڕە زۆر لەبار وگونجاوەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە، چونکە ئەدەب سەروساختی دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ئیستاتیکیانەدایە کە لە هەمان کاتدا ڕوح وفکر دەدوێنێ.. ئەدیب بە حوکمی هەستیاری خۆی، لە نیگەرانیەکی وجودی و فیلیڤانی بارگاوی بە پرسیاران دا، دەڕی کە دەبێ گوزارشتی لێبێتەکرن، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو نیگەرانیانەی لە ناخیا پەنگ دەخواتەوە، لە جوانترین شێوەو ناوەڕۆکدا نیشانبدات وەدەربڕێت.. هەڵبەتە مودێرنە بە مانای دابڕان لە کەلەپوور نییە، بەڵکو زۆرجار تەوزیف کردنی کەلەپوور بە شێوەیەکی تازەی هونەری دەبێت بە سیمایەک لە سیماکانی مۆدێرنە.. ئەدیبی مۆدێرنیست دەبێ هونەری دەبێت بە سیمایەک لە سیماکانی مۆدێرنە.. ئەدیبی مۆدێرنیست دەبێ هەوڵی ئەوەبدات کە ڕێبازی تایبەت بەخۆی بەرهەم بێنێت، تا دەتوانێ خۆی لە لاسایی کردنەوە دوور بگرێت وئەدەبێ بخوڵقێنێ کە شەقڵێکی تایبەتی ئەوتۆی هەبێ کە پێی بناسرێتەوە.. بەندە پێموایە نووسەر لەم دەقەدا نەیتوانیوە تەجاوزی مەسیرەی هونەریی خۆی بکات ولە زۆر شوێنیشدا خۆی کاوێژ دەکاتەوە. نووسەر کە تەجاوزی خۆی نەکرد، ڕەنگە نەنووسینی باشتر بێ.. بە هەرحاڵ، با بێینەوە سەر زمان وفرەئاستی زمان.. گوتیار (نووسەر) لەم دەقەدا بە قۆناغێن دەروونی جیاوازدا، تێدەپەڕێ، بە هەڵکشان و داکشانی دەروونی جیاوازدا دەگوزەرێ، دیارە هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە، زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەبێ لەلایەن نووسەرەوە یان گوتیاری دەقەکەوە کەشف بکرێ، کە دەکرا نووسەر ئەم بارە دەروونیە جیاوازانە بکات بە بیانوو بۆ فرەئاستی زمان، چ لە زمانی گێڕانەوەدا وچ لەزمانی دیالۆگ ومونولۆگدا، چونکە بە زمان وڵە ڕێگەی زمانەوە هەندێ سیمای شاراوەی کاراکتەر دەردەکەوێت، لێ لەم دەقەدا کە دەکرا ئەو بۆشایی یان غەفڵەتە پربکرێتەوەو قەرەبوو بکرێتەوە.. زمان بە هەمان ئاراستەی ئاسۆیی و بە هەمان شەقڵی ڕۆژنامەوانی سەرقەسەرفە بەردەوامە..

هەر لە بەشی: «خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان.» کە واقیعی دەقەکە پێمان دەڵێت نەی هێناوەتە زمان، خوێنەر یەکسەر ئەفسانەی پگماڵیونی بیردەکەوێتەوە، کە ئەم ئەفسانەیە لە لایەن نووسەری گەورەی عەرەب، توفیق الحکیم- ەوە لە شاکارێکی شانۆییدا بە ناونیشانی بیجمالیون، زۆر بەجوانی تەوزیف کراوە، هەروەها لەلایەن برناردشۆشەوە تەوزیف کراوە و بووە بەهەوێن و ئامیانی شاکارەکانی ئەوان، لە ئەفسانەی ناڤبریدا ئەو پەیکەرە جوانەی، کە پیکمالیونی پەیکەرتاشی یونانی دروستی دەکات، پەیکەری ژنە، ڕوحی وبەر دەکەوێ و لە بێناوییەوە ناو پەیدا دەکات و دەبێ بە کالاتیاو ودێتەقسان – دیارە گێڕانەوەی ئەفسانەکە بۆ ئێرە و لێرەدا زۆر دەخایەنێ، بۆ کەسێ کە مەبەستی بێ، دەتوانێ لە ئەفسانانی یونانیدا وەیدزێ وبیخوێنێتەوە – بەڵام لە دەقەکەی لەمەڕ ئێمەدا دایک وکچەکە، نە ڕوحیان وبەر دێتەوەو نە دێنە زمان، بۆیە ئەم دایک وکچە لە باری هونەرییەوە، ڕەهەندێکی دەڕوونی و هێمایی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە، کە قەناعەتی ئیستاتیکی لای خوێنەرو وەرگر دروست بکات..

هەڵبەتە کەس ناتوانێ لە کاریگەریی ئەدەبیاتی پێشکەوتووتر لە ئەدەبیاتی خۆماڵی بخەلەسێت، بە تایبەتی لەم سەردەمی گلۆبالەدا، باندۆر وکاریگەری، دیاردەیەکی ئەرێنییە و ئەزموونی خۆماڵی دەوڵەمەند دەکات، بەهەرکان دەتەقێنێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بەر چاوبێ کە کاریگەری و باندۆر، لاسایی کردنەوەی کوێرانە نییە، شاگردی عەیب نییە، عەیب ئەوەیە هەتا سەر بە شاگردی وەمێنی وهەوڵنەدەی بیبت بە وەستا.. ئەدەب ئەوزارێکی مەعریفی ئیستاتیکیە، ئەرکی هاندانە، پرسیارکردنە کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکە، ئەدەب پاسەوانی ڕوحە، نایەڵێ بۆگەن بکات.. ئیستاتیکای هونەری شتێکی تایبەتیە، بە چاوێکەری نایەتەدی، چونکە زادەی هەلومەرجێکی تایبەتیە، کەسێکی تایبەتی دایهێناوە، بۆیە خوێندنەوەی واقیعی خۆماڵی بە پێی پێوەری بێگانە، جگە لەوەی دەکاتە خۆ ناپاندن، هیچ ئاکامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە.. ئەدەب چەندیش واقیعی بێ، نابێ لە ڕەهەندە مرۆڤانی وئیستاتیکیەکان غافڵ بێ..

هەڵبەتە دەریا و ژینگەی دەریایی – پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی دەریاناسی هەیە، تا بشێت لە کارێکی هونەریدا، بەرجەستە بکرێت وخوێندنەوەی هونەری بۆ بکرێت، پەی بە نهێنییەکانی کە لە دنیای سیحرو جادوو دەچێت, ببرێت ولە ناوەوە تیشکی بخرێتەسەر.. لەم دەقەی لەمەڕ ئێمەدا، تەنیا وەسفێکی لامسەرلایی، دیوی دیار ودەرەوەی دەریا کراوەو بەو قوڵی و کاریگەرییە نییە کە پێویستین بۆ کاراکتەری ئەدەبی, کە بوونی خۆی لە زەینی خوێنەردا بسەپێنێ، ئەم دەریایەی لەمەڕ دەقەکەی مە، نە دەریاکەی (پیرەمێرد و دەریا)ی هەمنیگوایە و نە دەریاکەی (موبی دیک) ی ملفیلە!..

ئەوجا ئیلیاەد و ئۆدیسە، تەنیا ناوە، خوێنەر هەست ناکات زەرورەتێکی هونەری لەوێندەری قوت کردبنەوە، لە جیاتی ئەوەی هونەریانە لە دەقەکەدا تەوزیف بکرێ، ڕانانێکی زۆر کورت و لامسەرلایی بۆکراوە.. تەوزیفی داهێنەرانە ئەوەیە کە جیمس جۆیس لە ڕۆمانی (یولیوسیس)دا کردوویەتی.. بۆیە خوێنەر هەست دەکات، ئەم بەشە، سەربارەو بە خورتی لە دەقەکە بارکراوەو لە ڕووی هونەرییەوە تەواو شپرزەی کردووەو دەقەکە ئەوندەی سیما ومەرجی چیرۆکێکی شاش وواشی شپرزەی تیایە، ئەوندە سیما ومەرجی ڕۆمانی تیا نییە.. بەشێوەیەکی گشتی دەقێکی زۆر داخراوە..

هەڵبەتە کورد بەحوکمی ئەوەی هێشتا لە قۆناغی گرووگاڵی ڕۆمانەوانیدایە، پێویستە لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خۆیدا پەیگیری بزاڤی ڕۆمانەوانی ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی پاچڤەوە بکات، ئەو پاچڤانەی کە لەلایەن پاچڤەوانی بە توانا و ئەمین وئەدیبەوە ئەنجام دەدرێن.. بەڵام ڕۆمانووسی کورد پێویستە خۆیبوونی خۆی، ناسنامەی تایبەتی خۆی لە بەرچاو بگرێت. دیارە خۆیبوون بەوە نایەتە دی هەرچی دەرگا و پەنجەرە هەیە لە خۆتی دابخەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەوە دێتەدی کە دەرگا و پەنجەرەکان بە سەر تێکڕای کەلتووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا بکەیتەوە.

بە هەرحاڵ حەزدەکەم لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە ئەم نووسینەی بەندە حوکمی حاکم نییە، بەڵکو تەنیا خوێندنەوەو بۆچوونی خوێنەرێکە، کە ئەویش بە هەردوو باری ڕەفز وقبوولدا، خوێندنەوە هەڵدەگرێت..

سەرچاوە: وێرانەماڵ/ ڕۆمان/ عەبدولقادر سەعید/ دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان/ سلێمانی/ چاپی یەکەم 2019



ڕێکخستن یاخود سانسۆرکردنی یاسای میدیای ئەلیکترۆنی




ئاوارە حاجی دێلێزی*

پەرلەمانی کوردستان لە ڕێککەوتی 27/7/2020 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە کوردستان کرد، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێت چوارچێوەیەك بۆ کاری میدیای ئەلیکترۆنی بە گشتی و میدیای کۆمەڵایەتی بە تایبەتی دابنرێت.

ئەگەر باس لە تەمەنی جددی میدیای ئەلیکترۆنی بکەین لە سەر ئاستی جیهان لە ساڵی 1991 دەستی پێکردووە و لە کوردستانیش لە دوای دووهەزارەکانەوە گەشەی کردووە، لەوکاتەوە تا دەگات بە ئەمڕۆ، لە ڕووی چەندایەتیەوە میدیای ئەلیکترۆنی گەشەیەکی بێشوماری کردووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك یاخود چۆنایەتییەوە، خاوەنی کۆمەڵێك کێشەیە و نەیتوانیوە بەکاربەری کوردی ئاسوودە بکات، بۆیە دۆخی چەقبەستووی میدیای کوردی و بە تایبەت بواری میدیای دیجیتالی پێویستی بە هەڵوەستە لە سەر کردنە و فۆرمی ئەو میدیایە پێویستی بە کۆمەڵێك هەنگاوی بەجێیە و دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ تاك بە تاکی کۆمەڵگا گرنگی خۆی هەبێت و لەوچوارچێوەیەش لایەنەکانی ناو دەسەڵات لە لایەك و لە لایەکی دیکە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان مومارەسەی ئەجندا و بەرنامەی خۆیان بکەن. لەم نێوەندشدا دەتوانین ئاماژەیە بە گەورەترین پارتی سەر ئاستی کوردستان و عێراق بدەین کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە هەر وەك چۆن لە ڕابردوو پارێزەری دەستکەوتەکانی کوردستان بووە و دەسەڵاتداری یەکەمی هەرێمی کوردستانە، هەرگیز لە بەرپرسیارەتی ڕای نەکردووە و بڕوای تەواویشی بە پرنسیبەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین هەبووە و لەو پێناوەشدا ئەوەی لە سەر شانی بووبێت ئەنجامیداوە، بۆ پاڵپشتی کردن لەم تیروانینەی پارتی دەتوانین ئاماژە بە پەسندکراوی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێزدەهەمی بدەین کە لە دەروازەی سێیەم بەشی پرنسیب و ستراتیجەکانی پارتی باس لە بواری پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و بنەماکانی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان دەکات، لەم نێوەدەشدا لە بەشی نۆزدەهەمی ئەو دەروازەیە، لە بواری ڕاگەیاندن و وشاندندا، لە ماددەی 195 باس لەوە دەکات» ڕێکخستنی کەرتی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، نوسراو و ئەلیکترۆنی بە شێوەیەك، کە لەگەڵ پرنسیبەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕیندا گونجاو بێ«بەدین و دەتوانرێت وەك بنەمایەکی گرنگ بۆ ڕێکخستنەوەی میدیای ئەلیکترۆنی لە کوردستان سوودی لێ وەربگرین. دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت سنووڕێك بۆ ئەو پێشێلکاری و تەشهیر و ناوزراندانە بنێت، کە لە لایەن بەکاربەرانی میدیای ئەلیکترۆنی و بە تایبەت تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هاوکات دەتوانرێت لە ڕێگای دەرکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە، جۆرێك لە متمانە بۆ تاکی کوردی بگەڕێنێتەوە و زامنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان بکات. لە جیهاندا میدیای ئەلیکترۆنی زیاتر بۆ بواری زانستی، ڕیکلام و بازرگانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێوەردەگیرێت و زۆر بە کەمی بۆ ملمڵانێ سیاسیەکانی کەلکی لێ وەردەگیرێت، ڕاستە کەسایەتییە سیاسییەکان پەیام و بۆچوون و بانگەشەکانیان لەڕێگای سۆشیال میدیا و بە تایبەت توێتەر و فەیسبوك بە شێوەیەکی لۆژیکیانە بڵاو دەکەنەوە، بەڵام بە داخەوە بەشێکی زۆر لە سایت و پەیج و ئەکاونتەکانی باشووری کوردستان بۆ مەبەستی نەهێشتنی متمانە و بێڕێزی کردن بە بەها پیرۆزەکان و تانە و تەشهیر و ناوزراندن و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و یەکریزی نیشتمانی بەکار دەهێنن. لە کوردستان سەرەڕای ئەوەی یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007 ڕۆژنامەگەری کوردی و یاسای مافی بە دەستخستنی زانیاری ژمارە 11ی ساڵی 2013 و یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008 قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006 بەرەنگاربونەوەی تیرۆر(تۆقاندن) هەیە، کە چەند بڕگە و ماددەیەکی بۆ پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی سوودی لێوەرگیراوە و ئەمەش ڕەخنەی ژمارەیەك لە کەسانی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسانی لێکەوتۆتەوە. دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لە پێشەوە باسم لێوە کرد، لە کاتی خۆیدا پێنگاڤێکی گرنگ بوو، بەڵام کەموکوری زۆری پێوە دیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سوود لە کەسانی بە توانا و خاوەن ئەزمون و ئەکادیمی وەرنەگیراوە و دەکرا بەر لە دەرکردنی ئەو یاسایانە، ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆر لەو بوارەدا کرابایە و لە ڕێگای کۆر و کۆبونەوە و کۆنفرانس و وۆرك شوپەوە ئەو پڕۆژە یاسایە دەوڵەمەند بکرابایە. ئەوەی کە لە کوردستان دەبینرێت زۆر جیاوازترە لە هەموو شوێنەکانی دونیا، بەشێك لە پارتە سیاسییەکان کە لە ناو دەسەڵاتدان و پشکی شێریان لە گەڵالەکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە بینیوە، هەر دوای خوێندنەوەی یەکەم و ڕەخنەی لایەنە ئەکادیمییەکان کەوتنە سەنگەر ڕەخنەگرتن لەو پڕۆژە یاسایە و پۆپۆلیست ئاسا کەوتنە ڕەخنەگرتن و پارتیش هەروەك چۆن لە ڕابردوو ڕاستگۆ بووە لە بەرامبەر پەیامەکانی، لەبەرپرسیاریەتیش ڕای نەکردووە و هەر ئەو فاکتەش بۆتە هۆکاری ئەوەی پارتی هێزی یەکەم و جێگەی متمانەی دەنگدەرانی و خەڵکی کوردستان بێت. هەرێمی کوردستان پێتیڤی بە دەرکردنی یاسایەکی لەو چەشنە هەیە، کە سەردەمی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیا و کرانەوە و جیهانگەرایی و زۆربەی وڵاتانیش کاریان بۆ ئەو مەبەستە کراوە، دەرکردنی هەر یاسایەکیش جەدەلێکی لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەرپا کردووە، ئەگەر تورکیاش وەك نمونە بێنینەوە دەتوانین ئاماژە بە پارتە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا (ئەکەپە و مەهەپە) بکەین کە پڕۆژە یاسایەکیان بۆ سنووردار کردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەقدیمی پەرلەمان کرد و لە 27ی تەممووزی ئەمساڵدا پڕۆژە یاسایەکە پەسەند کرا، کە لە 11 ماددە پێکهاتبوو و کۆمپانیاکانی بەوە مولزەم کردووە کە نوێنەرایەتیان لە تورکیا بکەنەوە و لەبەرامبەر پابەندنەبونیان سزایەکی بۆ دیاریکردون. لەبەرامبەریشدا پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن (جەهەپە و هەدەپە) پارتە دەسەڵاتدارەکانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە گوایە تا توێتەر 7340 ئەکاونتی ساختەی دانەخست، کە کاریان بۆ ئاکەپە دەکرد، ئەردۆغان پەنای بۆ دەرکردنی ئەو پڕۆژە یاسایە نەبرد. لەبەرامبەریشدا پارتەکانی دەسەڵاتدار پێیانوایە کە ڕێژەی تەشهیر و ناوزراندن لە تورکیا گەیشتۆتە لوتکە و تا ئەو ڕادەیەی پەنا بۆ ژیانی شەخسی ببردرێت و تا لە دواجار پەلاماری ژیانی خێزانی وەزیری دارایی تورکیا درا. ئەگەر ئامازە بە بەریتانیاش بدەین بۆ سایتە ئەلیکترۆنییەکان و پەخش، مەرکەزێکی پەیوەندییەکانیان بە ناوی OFCOM کردۆتەوە، کە ئەرکی ئەم جەستەیە چاودێری کردنی میدیای ئەلیکترۆنی و پەخشە. دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی دەتوانێت کۆتایی بەو تەشهیر و ناوزراندن و نادیاری سەرچاوەکان بهێنێت و زامنی ئازادی ڕادەربڕین بکات. هاوتەریب لەگەڵ ئەم بۆچونەش پێویستە ڕا و سەرنجی کەسانی ئەکادیمی و پڕۆفیشنال لەبەرچاوو بگیرێت و یاساکە بە شێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە وێرای زامنکردنی ئازادی ڕادەربڕین پێداچوونەوە بە چەمك و پێناسەکان بکرێتەوە و بڕگە و ماددەکانی شەفاف و ڕوون بن، کە چەند تەفسیرێکی جیاواز لەخۆ نەگڕن.هاوکات پێویستیشە یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەری کوردی هەموار بکرێتەوە و میدیای بینراو و بیستراو و ئەلیکترۆنی تێدا جێ بکرێتەوە و سەندیکایەکی تایبەت بە میدیای ئەلیکترۆنی دابمەزرێت و بەمەش دەکرێت هاوێری نێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ بکرێت. لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی هەیە و ئەگەر هەنگاوێکی لەو چەشنە نەنرێت ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانی متمانە لە نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات ڕوو لە هەڵکشان دەکات و ڕێگە لە بەردەم چەواشەکاری و دروستکردنی پاڵەوانی ساختە دروست دەکات و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نیشتمانی دەخاتە مەترسییەوە و دەبێت چاوڕێی ڕوحمی ئەو کەسانە بین کە لە سایەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا و بە ناو و وێنەی خۆی یان نەخوازراوەوە، کار لە سەر ناشیرینکردنی هەموو شتێك بە گەورە و بچوکەوە بکات و هەر بە تەنیا لە سەر سوکایەتی و لێدان لە کەسایەتییەکان ناوەستن، بەڵکو پەلاماری مێژوو و سەروەرییەکان و تێکۆشەر و شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و خاك و نیشتمانەکەمان دەدەن و بەمەش هیچ بەهایەك نامێنێت کە شانازی پێوە بکەین.

*** قوتابی ماستەر و شارەزا لە بواری میدیای بینراو.**





یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان، پێشێلکردنی دەستوورە

د. مەیادە نەجار

هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی عێراق لە پرۆسەی سیاسی یەو وڵاتەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەتایبەتی لە یێستادا کە دۆخی سیاسیی عێراق بە یاقارێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، لەکاتێکدا هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجومەنی نوێنەران بەبێ یامادەبوونی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تێپەڕێندرا، بەڵام ئەم یاسایە پڕە لەکەموکوڕی و بەشێکی زۆری یاساکە بەشێوەیەکی نادروست هەموارکراوەتەوە، چەندین سەرپێچی بەرانبەر بەدەستووری عێراقی تێداکراوە.

یەکێك لەو خاڵانەی بەئاشکرا پێشێلی دەستوورە، بەهەڵە دابەشکردنی کورسییەکانی هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی قەزاکان، چونکە هەتا یێستا لە عێراقدا سەرژمێری نەکراوە، شێوازی دابەشکردنەکە بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو قەزایە دیاری دەکرێت، لەکاتێکدا پشت بەژمارەی دانیشتوانی پارێزگایەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی دەبەستن، ئەمەش خاڵێکی زۆر لاوازە کە کەموکوری خودی یاساکە دەردەخات، چونکە بەگوێرەی دەقە یاساییەکان نابێت لەکاتی جێبەجێکردنی هەر پرۆسەیەکی یاساییدا پشت بەشێوازی هەرەمەکی ببەسترێت.

فەرامۆشکردنی ئافرەتان

خاڵی دووەم کە کەموڕییەکانی یاساکە دەردەخات فەرامۆشکردنی ئافرەتانە، چونکە بەگوێرەی یاسا نوێیەکە لە (45) بازنەی هەڵبژاردندا، ئافرەتان فەرامۆش دەکرێن، لەم بازنانەدا تەنیا ڕێگە بەڕەگەزی نێر دەدرێت خۆی کاندید بکات، ئەمەش پێشێل کردنێکی ئاشکرای دەستووری هەمیشەیی عێراقە، چونکە بەگوێرەی دەستوور لەهەر پارێزگایەك پێویستە 25% کورسییەکان بۆ ئافرەتان تەرخان بکرێت. لەلایەکی ترەوە یەم یاسایە بەئاشکرا مادەی (20) لەدەستووری عێراق پێشێل دەکات، چونکە ئەو مادەیە جەخت لەیەکسانی هەردوو ڕەگەز لەکاتی هەڵبژاردن و خۆ هەڵبژاردن دەکاتەوە . لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەم یاسایە زۆربەی قەزایەکان بێ نوێنەری ئافرەت دەبن، تەنیا لەسەر ئاستی پارێزگا نوێنەری ئافرەت دەبێت، ئەمەش پێچەوانەی مادەی (49) بەندی چوارەم لە دەستور دەکات، کە دەڵێت یاسای هەڵبژاردن ڕێژەی 25 %بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان دیاری کردووە.

هەروەها ئەوەمان لەیاد نەچێت ڕێگەی هەژمارکردنی کورسییە قەرەبووکراوەکان، لەم یاسایەدا پێشێلکراوە، چونکە بەگوێرەی یاساکە دەدرێتە کەمترین کۆکراوە، ئەمەش سوکایەتییە بەدەستوور کە بۆ هەر کورسییەك سەد هەزار کەسی دیاری کردووە.

ساختەکاری

ئەوەشمان لەیاد نەچێت دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەم شێوازەی کە ئێستا هەیە کە لەسەر بنەمای قەزا دابەشکراوە کە ئەمەیش دەرفەتی گەورەی ساختەکاری تێدا ئەنجام دەدرێت. هاوکات بەکارهێنانی چەك بۆ ترساندن و خەڵەتاندن بەتایبەتی لەناوچەکانی باشووری عێراق، هەروەها وا دەکات جارێکی تر ئەقلیەتی عەشایەری وابەستەیی کۆمەڵەی بچووك بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەم شێوەیە لەسەر ئاستی قەزا نەوەك لەسەر ئاستی بازنەیەکی فراوانتر کاندیدەکان دیاری بکرێت؛ چونکە وەك دەزانین لەناو بازنەی بچووکدا ساختەکاری زۆر ئاسانترە لەبازنەی فراوان.

لەلایەکی ترەوە ئەو کەسەی دەیباتەوە ئەوەیە کە بەرزترین دەنگ بەدەست دەهێنێت، نەوەك ئەوەی دەنگی 50+1 بەدەست دەهێنێت. ئەمەش بۆخۆی مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر دیموکراسی، چونکە ئەگەر لە قەزایەك 70 کەس خۆی بپاڵێوێت، واتە کەسێك 12 هەزار دەنگ بهێنێت دەیباتەوە، کەسێك زۆرترین دەنگ بهێنێت کە ئیتر هەرچەندێکە دەیباتەوە، نەك 50+1ی دەنگدەران کە ئەمە بۆخۆی دیسانەوە مەترسیدارە.

شیوازێك بۆ عێراق ناگونجێت

لە هەمووی گرنگتر و مەترسیدارتر، ئەو ئالییەتەیە کە بڕیاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکانە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، وەك خۆتان دەزانن کە ئەوە چ ناوبانگێکی خراپی هەیە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو، لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوازی ئەلیکترۆنی، ئەمەش جارێکی تر پرسیار لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق دروست دەکات. هەروەها ئەم یاسایە سووکایەتی بەدیموکراتی دەکات و ڕێگر دەبێت لەگەڕاندنەوەی متمانە لەلای دەنگدەر، بۆ عێراق ناگونجێت، چونکە تەواوی یاساکە پشتی بە سیستەمی فرەبازنە بەستووە، ئەمەش پێچەوانەی ڕەوشی ڕاستەقینەی عێراقە، چونکە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و کەمایەتیی جیاوازە، بەهیچ شێوەیەك یاسایەکی لەو جۆرە بۆ عێراق ناگونجێت.

گرفتە یاساییەکان

لەلایەکی ترەوە سنووری قەزا و ناحیەکان یەکلایی نەبۆتەوە، بۆ نموونە هەندێك ناوچە لە وەزارەتی پلاندانانی ناحیەیە، بەڵام لە وەزارەتی بازرگانیدا لە لیستی قەزادایە، ئەمەش گرفتی زۆر بۆ خودی یاساکە دروست دەکات و ئەستەمە لەم قۆناغەدا سەرکەوتوبێت، ئەوەشمان لەیاد نەچێت ڕاستەوخۆ حزبە شیعە دەسەڵاتدارەکان لەڕێگەی یاسایەکی لەم جۆرە دەیانەوێت بازنەکان کۆنترۆڵ بکەن، بەتایبەتی ئەگەر هەر کاندیدێك سەربە چینێکی مامناوەند و خوارتر بێت، چۆن دەتوانێت بچێتە نێو ئەم پرۆسەیە (هەڵبژاردن)، جگە لەوە ئەمە کۆزاندنەوەی حزبە بچووکەکانە، بەگشتی گەورەترین زیان بە کیانە سیاسییە بچووکەکان دەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەو کیانە بچووکانە ناتوانن لەسەر ئاستی فرەبازنەیی و قەزاکان دەنگ کۆبکەنەوە و ناتوانن یەك کورسی پەرلەمانیش بەدەست بێنن، چونکە جەماوەر و دەنگەکانیان پرش و بڵاوە.

ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم

جارێکی تر مێژوو غەدر لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکات، چونکە ئەگەر سیستەمی فرەبازنەیی لەسەر ئاستی قەزاکان پەیرەوبکرێت، ئەوە کورد لە ناوچە کێشە لە سەرەکان زیانێکی زۆر مەترسیدار دەکات و لە هەندێ شوێن و ناوچەدا کورسی پەرلەمانی لەدەست دەدەین، چونکە بەشی زۆری سنووری چەندین قەزا لە ناوچە کێشە لەسەرەکان دیاری نەکراوە و قەزا هەیە بەشێکی لەسەر هەرێمی کوردستانە و بەشێکیان کەوتوونەتە سنووری پارێزگای دیکە، بۆ نموونە شارۆچکەی دوز لکێندراوە بەپارێزگای سەلاحەدین، لەکاتیکدا زۆربەی ناحیەکانی سەر بەپارێزگای کەرکووکن، مەخموریش بەهەمان شێوە لەڕووی کارگێڕییەوە دابەشبووە، ئەمە نموونەیەکی زەقە کە زیان بەر کورد دەکەوێت.

لەلایەکی ترەوە ناهاوسەنگی لەژمارەی دانیشتوانی قەزاکان هەیە، بۆ نموونە ژمارەی دەنگدەران لە قەزاکان لە(40)هەزار دەنگدەر هەتا(700)هەزار دەنگدەر دەروات ئەمەش کێشەیەکی ترە، لەلایەکی ترەوە ئەگەر قەزایەك لە 100 هەزار دەنگدەری کەمتر بوو، ئەوە دەخرێتە سەر قەزایەکی دیکە کە دەنگەکانیان لە 100 هەزار زیاتر بێت، ئینجا بازنەی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکرێت، ئەمەش زۆر ئاڵۆزە تاوەکو بتوانرێت ئەو سەرژمێری و جیاکارییە ئەنجام بدرێت.

هەنگاوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئالنگارییەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەنیا سێ بڕارەی لەبەردەمدایە بۆ چارەسەکردنی کەموکوڕییەکانی یاسایەکە، لەوانە کۆکردنەوەی قەزا و ناحیەکان لە فەرمانگەی هەڵبژاردنێك واتە چەند قەزا و ناحیەیەك بکرێنە یەك فەرمانگە، بەمەرجێك ڕەچاوی کورسی کۆتا بۆ ئافرەتان بکرێت، بڕارەی دووەم ئەوەیە کە کار بۆ لکاندنی بازنەی هەڵبژاردن بکرێت تاڕادەی نزمترین ئاست بۆ هەر بازنەیەك چوار کاندید هەبن کە سێ کاندید ڕەگەزی نێر بێت و یەك کاندیدیش ڕەگەزی مێ بێت . بڕارەی کۆتایی گەرانەوە بۆ سیستەمی بازنەی پارێزگاکان کێبڕکێ لەنێوان کاندیدەکان لەسەر بنەمای بەرزترین ئاستی ڕێژەی دەنگەکان، کە ئەمەیان گونجاوترینە بۆ ڕەوشی ئێستای عێراق.

ناسا تلسکۆپێکی نامۆ ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان دەکات



لە هەوڵێکی نوێیدا، ئاژانسی (ناسا) پلانی دارشتووە بۆ هەڵدانی بالۆنێکی بۆشاییگەڕیی زۆر تایبەت کە قەبارەکەی بەقەدەرایی یاریگایەکی تۆپی پێ دەبێ و پانتاییەکەی دەگاتە 150 مەترو بەهۆیەوە تلسکۆپێکی ئاسمانیی بەرز دەکرێتەوە بۆ دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی.

ئەم تلسکۆپە بالۆنییە لە ئاسمانی (کیشوەری بەستووی باشوور) دا هەڵدەدرێت و ناونراوە (ASTHROS) کە کورتکراوەی وشەکانی (تلسکۆپی فیزیای فەلەکیی ستراتۆسفیر) یەو ئامانجیشی بریتییە لە ڕوانگەکردنی بۆشایی ئاسمانییە لەژێر دریژە شەپۆلییە زێڕەوەی میلیمە تر ییە کانە .

پسپۆڕان بە نیازن بالۆن و تلسکۆپەکە تا بەرزایی 130.000 پێ لەسەر ڕووی زەویدا بەزر بکەنەوەو کاتێك تلسکۆپەکە دەگاتە چینی (ستراتۆسفێر) ئەوا دەستەکات بە ڕوانگەکردن و وەرگرتنی تیشکە نەبینراوەکان کە لە تەنە ئاسمانییە جیاجیاکاندا دەردەچن، بە تایبەتیش بواری خێرایی و جوواڵەی گازەکان لە دەوری ئەستێرە تازە لە دایکبووەکاندا، جگە لەمەش، ئەم تلسکۆپە لەسەر دوو ئامانج لە نێو گالاکسییەکەمان (ڕێی کاکێشان) دا کاردەکات، بەڵام تا ئێستا ورەکارییەکانیان بڵاونەکراوەتەوە.

جگە لەمانەش، پسپۆڕان سوود لەو تلسکۆپە وەردەگرن لە لێکۆڵینەوەی بۆ یەکەمجاریی دەربارەی دوو جۆرە (ئایۆنی نایترۆجینی) و دەستنیشانکردنیان لەنێو تەنۆچکە بارگاوییەکانی ناسراو بە (بای خۆر)، یان ئەوانەی لەنێو ئەستێرەکان و نێو تەقینەوەکانی ئەستێرەیی مەزن لە جۆری (سوپەرنۆڤا) دا هەیە، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە دووبارە پێکهێنانەوەی گازەکان بۆ دروستبوونی ئەستێرەی نوێ.

وا چاوەڕوان دەکرێ ئەم بالۆنە زەبەلاحەو تلسکۆپە گرنگەکەی لە بنکەیەکی تایبەت لە (کیشوەری بەستووی باشوور) لە کانوونی یەکەمی 2023 دا هەڵبدرێتە ئاسمان.

بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و توانەوەی سەهۆڵ و ئاگرکەوتنەوە لەنێو بازنەی جەمسەریی باکووردا!

لە حاڵەتێکی نامۆدا، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بە شێوەیەك کە تاوەکو ئێستا بەو شێوەیە تۆمار نەکراوە، ئێستا بۆتە هۆی ڕەخساندنی کەشێکی زۆر لەبار بۆ تەشەنەکردنی ڕووبەری ئاگرکەوتنەوەیەکی کەموێنە لە مێژووی ناوچەی (ساییبریا) ی (ڕووسیا)، ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گازی دووانۆکسیدی کاربۆن و لە هەمان کاتیشدا، بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرت دەربارەی کەمبوونەوەیەکی خێرا لە ڕووپۆشیی سەهۆڵیی بەدرێژایی کەناراوەکانی جەمسەری باکووری ڕووسیاییدا.

بەم دواییە، شارۆچکەی (Longyearbyen) کە دەکەوێتە نێو زنجیرە دورگەکانی (سفالبارد) لەدواییین خالی ناوچەکانی باکووری جەمسەریی (نەرویژ) دا، پلەی گەرمای بەرزی پێوانەیی نوێ تۆمارکرا، کەوا بە پێی ئامارەکانی (دەزگای خزمەتگوزاریی کەشناسیی نیشتیمانیی نەرویژی) گەیشتۆتە 21.7 پلەی سیلیزیی، ئەمەش لە 2020.7.25، لە کاتێکدا پێشتر نێوەندی پلەی گەرمیی لەو مانگەدا لە سنووری تەنها 5.9 پلەی سیلیزیی بووە.

سەبارەت بە ناوچەکانی (ساییبریا)، ئەوا پلەکانی گەرما لە ماوەی نێوان کانوونی دووەم تا حوزەیران بە (پێنج) پلە بەرزتربووە لە ڕێژەی خۆی لەهەمان کاتی ساڵ و لە حوزەیرانیش تا ئێستا گەیشتۆتە 10 پلەی سیلیزیی لە سەرووی ڕێژەی ئاسایی خۆیدا.

لەلایەکی دیکەوەو لەبەرواری 20202.6.20 و لە شارۆچکەی (فیرخۆیانسك) ی (ڕووسیی) دا، بەرزترین پلەی گەرمیی تیایدا تۆمارکراوە کە 38 پلەی سیلیزیی بووەو لە دوای 2020.7.19، پلەکانی گەرما لە جارێکی دیکە لە چەند ناوچەیەکی دیکەی (ساییبریا) گەیشتبوونە سنووری 30 پلەی سیلیزیی.

سەرچاوە: سایتی (ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی – WMO)

ئاخۆ ئەم سەرەڕۆییە فەلەکییە ئەنجام دەدرێت؟!





یەکێ لەو هەڕەشانەی کە دانیشتوانی هەسارەی زەوی زۆر لێی دەترسن و بە ویستی خوای گەورە ڕوونادات، بریتییە لە بەرکەوتنی هەسارەی زەوی بە هسارۆکەیەك یان نەیزەکێکی گەورەدا، وە هەر کاتێك پڕوپاگندەیەکی ئاوا سەر هەڵدەدات، خێرا ئاژانسەکانی بۆشاییگەری دڵنیایی دەدەنە دانیشتوان کەوا هیچ هەڕەشەیەکی ئاوا ڕووبەڕووی هەسارکەمان نابێتەوە، بەڵام خوێنەری ئازیز، ڕات چییە کەوا ئەمجارەیان پسپۆڕانی فەلەکناسی بە هەزرو دەستی خۆیان بیر لەوە بکەنەوە کەوا بە ڕێگەو پلانێکی داڕێژراوی زۆر وردو بێ هەڵە ئاراستەی یەکێ لەو بەردە نەیزەکییە گەورانە بگۆڕن و لەکات و ناوچەیەکی دیاریکراودا بەر بەرگە هەوای زەوی دابدەن!

ئەمە بیرۆکەی پسپۆڕانی فەلەکی سەر بە زانکۆی (گلاسکۆ) ی (سکۆتلاند) ییە کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی نوێیەوە هەوڵیانداوە ڕوونی بکەنەوە کەوا چۆن لە ڕێگەی لێکخشانی نێوان بەرگە هەوای زەوی و خودی ئەو بەردەوە زیاتر حاڵی دەبین لە دیاردەی ناسراو بە (تێکشکاندنی هەوایی) و کارتێکردنی لەسەر سووتاندنی ئەو نەیزەکانەی کە ڕووەو زەوی دێن، جا لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجەدا، یەکێ لەو نەیزەکانە دەستنیشان دەکرێ بە تیرەی کەمتر لە 30 مەتر بۆ ئەوەی گرەنتی هەردوو لایەنی سووتانی تەواوی لە نێو بەرگە تا هیچ هەڕەشەیەك نەنێتەوە، وەلە هەمان کاتدا بۆ زامنکردنی بواری لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی وردو پێشکەوتووی سووتانی ئەو بەردە هەر لە سەرەتای هاتنی بۆنێو بەرگە هەوا تا کۆتایی و نەمانی بە تەواوەتی.

بێگومان، بۆ سەرخستنی تەواوی ئەم پرۆسەیە، پێویستە پێشوەختەو بۆماوەی چەندین ساڵ زووتر، کەشتییەکی ئاسمانی ڕەوانە بکرێت بۆ هێنانی ئەو نەیزەکە، بەڵام دەبێ زووتر یەکێ لەو بەردانەی نێو بۆشایی ئاسماندا دەستنیشان بکرێ کە دەکرێتە قوربانی ئەو تاقیکردنەوە سەرەڕۆیی و مەترسیدارەدا، وە لە هەمان کاتدا، خودی ئەو کەشتییە ئاسمانییە دەبێ لە ڕووی تەکنیکیی – سەربازیدا ئەو توانایەی هەبێت کە لە هەر کات و حاڵەتێکی نەخوازراو یان ڕووداتی گرفتێك لە ڕێڕەوو ئاراستەکەیدا، ئەو بەردە لە بۆشایی ئاسماندا تەفرو تونای بکات و بەهیچ شێوەیەك نەگاتە زەوی.

(خوێ ئاو)ە ڕووی هەسارۆکەی (سیریس) سپی پۆش دەکات!





لە دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا، کەشتی ئاسمانیی (دۆون –DAWN) ی سەر بە ئاژانسی (ناسا) پەردەی لەسەر ئەو نهێنییە لادا کە بۆ ماوەیەکی زۆر سەری لە پسپۆڕاندا شێواندبوو، ئەویش دەرکەوتنی چەند ناوچەیەکی ڕەنگ سپی بریقەدار بوو لەسەر ڕووی تاریکی (سیریس - CERES) کە یەکێکە لە هەسارۆکە گەورەکانی نێو سیستەمی خۆر.

لەو کاتەی وادەی گەشت و تەمەنی کەشتی (دۆون) لە تشرینی یەکەمی 2018 کۆتایی پێدەهات، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە ڕووی ئەو هەسارۆکەیەدا نزیك کەوتەوە، بە جۆرێك کە ماوەی نێوان ئەوو ڕووی (سیریس) گەیشتە تەنها 35 کیلۆمەتر، بەمەش کامێراکانی توانی وردەکاریی و دیمەنی سەرسامکاری ڕووی هەسارۆکەکە بە گشتی ئەو ناوچە سپییانە بە تایبەتی کۆبکاتەوە، وە پاش شیکردنەوەی وێنەو داتایەکان دەرکەوت کەوا ئەو ڕووبەرە سپییانە سەهۆڵی ئاو نییە، وەك پێشتر وا دەزانرا بەڵکو چینی نیشتەنیی خوێی (کاربۆناتی سۆدیۆم) ە کە پێکدێت لە (سۆدیۆم و کاربۆن و ئۆکسجین) و پێدەچێت لە ڕێگەی شلەیەکەوە (کە ڕەنگە ئاو بێت یان نا) لە ناخییەوە هەڵقوڵابێتەوە ڕووەکەی و پاشان لە دوای خۆیدا ئەو چینە نیشتەنییە خوێیەی جێهێشتبێت.

داتایەکان ئاماژە دەدن بە بوونی عەمبارێکی گەورەی شلەیەکی خوێیی یان ئاوێکی پاك بەڵام زۆر دەوڵەمەند بە خوێ لە قوڵایی 25 کیلۆمەتر لە ژێرەوەی ڕووی خاکی (سیریس) کە پانتاییەکەی بە سەدان کیلۆمەتر دەخەملێنرێت.

یەکێ لەو ناوچانەی ڕووی (سیریس) کە یەگجار زۆر سەرنجی فەلەکناسان و زەویناسانی بۆخۆی ڕاکێشا، چاڵی نەیزەکیی مەزنی (ئۆکاتۆر - Occator Crater) ە کە تیرەکەی 92 کیلۆمەترەو بە ڕووبەرێکی بەرچاوی ئەو بارستە خوێیە سپییە داپۆشراوەو پێشتر وادەزانرا کە سەهۆڵی ئاوی سازگارە.

لەلایەکی دیکەوەو لەنێو چوارچێوەی هەمان بابەت و لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوە لە نێو گۆڤاری ناوداری (Nature Astronomy) دا دەرکەوتووە، کەوا چاڵی نەیزەکی (ئۆکاتۆر) ڕاستیی چالاکیی جیۆلۆجیی بەرچاوی ئەو ناوچەیەو تەواوی (هەسارۆکەی سیریس) دەسەلمێنێ و تەمەنی هەندێ لەو نیشتەنییە خوێیانە لە 2 ملیۆن ساڵ کەمترە، بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی چالاکیی دیکەی هاوشێوە لە ناوچەی ناسراو بە (Cerealia Facula) کە دەرکەوت ئەویش دەوڵەمەندە بە پێکهاتەکانی (کلۆریدی سۆدیۆم) کە لە ڕووی کیمیاییەوە پەیوەستە بە (ئاو) و (کلۆریدی ئەمۆنیۆم) و لە ڕێگەی دوو ڕێڕەوەوە بوار ڕەخساوە بۆ گەیشتنی شلە بۆ ڕووی ئەو ناوچەیەو پاشان وشکبوونەوەیان ئینجا نیشتنەوەی پێکهاتە خوێییەکان تیایدا.

ئەگەرچی پسپۆڕان ئەم ڕاستییەی بوونی ئەو چالاکییە نامۆیەی نیشتنەوەی بارستە خوێیەکان و دەرکەوتنی ڕووبەرە سپییەکانیان لەسەر ڕووی (سیریس) یان ئاشکراکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێ، ئاخۆ چ هێزێکی پاڵنەری سەرەکی هەیە تا خودی ئەم چالاکییە جیۆلۆجییە ڕووبدات؟ پسپۆڕان هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

جێگای ئاماژەیە، هەسارۆکە، یان هەسارەی بچووکی (سیریس –CERES) بۆ یەکەمجار لە 1801.1.1 لەلایەن فەلەکناسی (ئیتالی) (GIUSEPPE PIAZZI) دۆزراوەتەوەو گەورەترین تەنی نێو ناوچەی ناسراو بە (پژێنی هەسارۆکەکان) ە لەنێوان خولگەی هەردوو هەسارەی (مەریخ و موشتەری) و بە ماوەی 4.61 ساڵ جارێك خولێك بە دەوری خۆردا تەواو دەکات و تیرەی 946 کیلۆمەترەو بەهێزترین کاندیدە بۆ ئەژمارکردنی وەك (هەسارەیەکی سەربەخۆ) لەنێو (سیستەمی خۆر) دا.

سەرچاوە: سایتی NASA

ئەمشەو لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکاندا

بایرن میونشن لەبەردەم دوو دڵی پلانەکەیدا رووبەڕووی پاریس سان جێرمان دەبێتەوە



ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی



ڕاهێنەری بایرن:
کارمان بۆ ئەوە کردووە چۆن مباپی رابگرین



ڕاهێنەری سان جێرمان:
نایمار مێشکی بۆ بردنەوە بەکار دەهێنێت

ئەمشەوە ملیۆنەها لە هەوادارانی تۆپی پێ لە سەرانسەری جیهان چاو دەبڕنە لشبۆنەی پایتەختی پورتوگال، کاتێک یاریگای دا لۆز یاری کۆتایی پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەنێوان یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی و یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لەخۆ دەگرێت.

لە یارییەکەی ئەمشەودا کە کاتژمێر 10 بەکاتی هەولێر بەڕێوەدەچێت، یانەی بارن دەیەوێ بۆ شەشەم جار لەمێژووی خولی یانە پاڵەوانەکاندا ناسناوەکە بباتەوە، لەبەرامبەریشدا یانەی سان جێرمان خەون بەوەدەبینیت بۆیە کەمینجار ئەم جامە بەرزبکاتەوە، ئەمەش دوا فیکەی ناوبژیوانی یارییەکە، پاڵەوانەکە بەدەردەکەوێت و جامەکە بەرزدەکاتەوە.

کۆتایی ئەمجارە لەنێوان دوو یانەدایە کە بەشایستەیی گەیشتنە ئەم قۆناغە، لەم یارییەشدا چاوەڕوان دەکرێت ڕکابەرییەکی گەورەش لەنێوان یاریزانەکاندا، بەڵام سەرکردایەتی کردنی تەکنیکی هەردوو یانەکە بە مێشکێکی ئەڵمانییە، کە هانز فلیکی ئەڵمانی و ڕاهێنەری بایرنە و تۆماس تۆخێلی ها و نیشتا نیشی ڕابەرایەتی پاریس سان جێرمان دەکات.

مەترسی نایمار و مباپێ

لەم چەند یاریییەی ڕابردووەدا، یانەی بایرن میونشن پلانێکی پەیڕەوکردووە، ئەویش فشارکردنە سەر بەرامبەرەکەی و ناچارکردنی بەگەڕانەوەی بۆ دووا‌وە، هەروەها دەرفەت نەدان بەتیپی بەرامبەر کە تۆپ بەئاسانی بگوازیتەوە ناوەڕاستی یاریگا، ئەمەش تا ئێستا تیایدا سەرکەوتوو بووە و ئاکامەکەشی یانەکەیە لەم قۆناغەدا، بەڵام پێناچێت یاریزانانی باڤاری بتوانن بەسەرکەوتوویی پلانی فلیکی ڕاهێنەر بەرامبەر یاریزانانی سان جێرمان جێبەجێ بکەن، چونکە یاریزانانی یانەی خێراترە دەردەکەون، بەتایبەتیش کیلیان مباپێ و نایمار و شێوازی هێرشی خێرا پەیڕەو دەکەن و بەتۆپی درێژ لەدواوەی هێلی بەرگری بەرامبەریان یاری دەکەن و ڕەنگە ئەمەش مەترسی بخاتە سەر هێلی بەرگری یانەی بایرن، ئەمە جگە لەهێرشی هەڵگەڕاوەدا هەموو کات مەترسییان خستۆتەسەر تیپی بەرامبەر.

لێدوانی ڕاهێنەری بایرن

بەر لە یارییەکەش فلیکی ڕاهێنەری بایرن میونشن ئاماژەی بەو یارییەدا کە ئەمە یاریی کۆتاییە و ئاساییە هەموو حساباتێکی بۆ بکرێت، وا بەئاسانی هەردوو تیپ نەگەیشتوونەتە ئەم قۆناغە، هەروەها گوتی: خۆمان بەباشی ئامادەکردووە و هەموو هەوڵێکمان بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکەیە، دواتر لەوەڵامی پرسارێکدا کە سەبارەت مباپێ لێیکرابوو، بێ ئەوەی ئاماژە بە پلانەکە بگات گوتی: لەهەموو باڵەکان ئەرکی جیاجیامان داوتە یاریزانەکان و سەبارەت بە مباپێش ئەوا پلانمان داناوە کە چۆن بتوانین ڕاییگرین.

لێدوانی ڕاهێنەری سان جێرمان

لەلایەکی دیکەوە تۆماس تۆخێلی ڕاهێنەری یانەی پاریس سان جێرمان سەبارەت بەم کۆتاییە گوتی: ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەکات ئەو گروپتینەی یاریزانانمانە بۆ خۆئامادەباشی بۆ ئەو یارییە، هەرچەندە ئەرکەکان هێندە ئاسان نابێت بەرامبەر بایرن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە لێیان بترسین، بەس دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێین کە ئێستا بارن لەبەرزترین ئاستیدایە، بەڵام بۆ هەر یارییەک ئێمە پلانی گونجاومان هەیە، هەورەها گوتی: یاریزانانمان تەواو ئامادەن بەڵام ئەوەی زۆر نیگەرانی کردووین، ئاستی ئەم دووایییەی نایمار داسیلڤایە، کە دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردن زۆر لەدەست دەدات، بەڵام ئەو یاریزانێکی بەتوانایە و هەمووجار ئەوەم گووتووە کە ئەو مێشکی بۆ بردنەوە بەکاردەهێنێت.



ئەمشەو لیگا

چانسی شکاندنی ریکۆردێکی مێژوویی هەیە

لیگاندۆقسکی هێرشبەری ژمارە نۆی بایرن مینونشن، بە تۆمارکردنی دووگۆڵ ژمارەی زۆرترین گۆڵ لە چامپیۆنزلیگ لە یەک وەرزدا لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یەکسان دەکاتەوە.

ئەمشەو ئەورووپا یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لەنێوان بایرن و پاریس لەخۆ دەگرێت، گۆڵکاری خولەکە لیگاندۆقسکی 15 گۆڵی لە مسابەقەکانی تۆمارکردووە. بە تۆمارکردنی دوو گۆڵ ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ خاوەنی زۆرترین گۆڵ لە مێژووی چامپیۆنزلیگ کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یەکسان دەکاتەوە و ئەگەر هاتریکیش تۆمارباکات ئەوا ڕۆنالدۆ تێدەپەڕێنێت و دەبێتە گۆڵکاری مێژوویی پاڵەوانیەتیەکە کە لەیەک وەرزدا زۆرترین گۆڵی تۆماکردبێت.

ئەو یاریزانانەی زۆرترین گۆڵیان لە یەک پاڵەوانێتی چامپیۆنزلیگدا تۆمارکردووە:
کریستیانۆ ڕۆنالدۆ 17 گۆڵ
کریستیانۆ ڕۆنالدۆ 16 گۆڵ
لیۆنێل مێسی 14 گۆڵ

مەدرییەکان حەز دەکەن پاریس ببێتە پاڵەوان



هاندەرانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیا ئارەزوو دەکەن لە پێناو گواستنەوەی کلیان مباپێ هێرشبەری فەرەنسی یانەی پاریس سانجێرمان، ئەو یانەیە ببێتە پاڵەوانی چامپیۆنزلیگ.

ڕۆژنامەی وەرزشی مارکای ئیسپانی بڵاویکردووە کارگێری شاهانەکان وهاندەرانی ئەو یانەیە بەو هیوایەن شازادەکان بتوانن نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەست بێنن، چونکە ئەو کات ئاسانکاریەکی باشتریان بۆ دەکرێت لە پێناو گواستنەوەی گۆڵکارە لاوەکەی ئەم یانەیە، بە پێچەوانەوە ناسر خلیفی کە پارەیەکی زۆری لە گواستنەوەی یاریزانان بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە خەرج کردووە، ئەستەمە تا ئەو کاتەی نازناوەکە بەدەست نەهێنێت دەستبەرداری بێت.

کلیان مباپێ لە ساڵی 2017 گواستراییەوە پاریس سانجێرمان و چەندینجار بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە لە مندااڵیەوە ئارەزووی لەبەر کردنی درێسی ریال مەدرید دەکات.

کۆتینیۆ:

پێویست ناکات لەبارەی نایمارەوە قسەبکەین



فیلیپ کۆتینیۆ، ئەستێرەی بەرازیلی و یانەی بایرن میونشن دەڵێت، هەموو بیرکردنەوەی لای یاریی کۆتایی چامپیۆنزلیگە.

کۆتینیۆ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی، یاریی کۆتایی بەرامبەر پاریس سانجێرمان زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت، پێویستە زۆر بەباشی خۆمان بۆ یاریییەکە ئامادەبکەین.

یاریزانە بەرازیلییەکە لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەیماری هاوڕێی لە یاریی کۆتاییدا دەڵێت، پێشتر لە بارەی یاریییەکەوە قسەی لەگەڵ نەیمار نەکردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەردووکیان بیریان لای یانەکانیان دەبێت، پاریس سانجێرمان تیپێکی جوانە و بەدڵنیاییەوە بەباشی بۆ یاریی کۆتایی ئامادەدەبێت و پێویست ناکات لەبارەی نەیمارێشەوە قسەبکەین، هەمووان ئەو بەباشی دەناسن و دەزانن ئەو نایابە.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Sun.23 Aug. 2020 No.:(5991)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616




عەبدوڵڵا زەنگەنە سەلامەتییە

نووسەر و توێژەری بواری ڕۆژنامەوانی عەبدوڵڵا زەنگەنە، دوای ئەوەی لە نەخۆشیی کۆرۆنا چاکبووەوە، دواتر تەندروستیی تێکچوو و کەوتە نەخۆشخانە و بێ ئاگا بوو، هێشتا لە نەخۆشخانە ماوەتەوە.
عەبدوڵڵا زەنگەنە لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەدا، وردبینە و خۆی ماندوو دەکات. لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی بەناوی (دادگاییکردنی خەبات) نووسیوە. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، هیوای تەندروستییەکی باش بۆ کاک عبدوڵڵا زەنگەنە دەخوازین، سەلامەتییە.



عەینەدین .. گۆرانییەک بۆ مەرگی سابیر کوردستانی و هونەرمەندان دەڵێت



هێمن ئاری
هونەرمەندی میللی دەنگخۆش عەینەدین، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا وەک وەفایەک گۆرانییەکی تازەی لەسەر کۆچی هونەرمەند سابیر کوردستانی بڵاوکردەوە کە لەدەی ئەم مانگەدا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دوای چەند ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.
ئەم گۆرانییە هونەرمەند عەینەدین بۆ سابیر کوردستانی گوتوویەتی باس لە ئازاری گیان لەدەستدان و تووشبوونی ئەم هونەرمەندە دەکات بە تووشبوونی بەڤایرۆسی کۆرۆنا و خەسارەتی ئەم هونەرمەندە کە دوای چەندین ساڵ لە خزمەتی هونەری کوردی چ حەسارەتێک بوو لەم بواردا.

هەروەها لەم گۆرانییەدا عەینەدین باس لە مەترسی ئەم ڤایرۆسە دەکات کەچوون بەربۆتە گیانی مرۆڤ و چۆنی ڕۆژانە بەهۆیەوە کەسە نازیزەکانمان دەکاتە قوربانی و سڕەی گرتووە لەگیان کێشانی هونەرمەندان و کەسە نازیزەکانمان.
عەینەدین، یەکێکە لەو هونەرمەندە میللییە نابینایانەی ساڵانێکی زۆرە سەرباری نابینایی و زەحمەتی یەکانی ژیان لەڕێگەی هونەرەکەی وەک ئەم خەم و ناسۆرەی لەژیان بینیوویەتی دەردەبڕێت و خاوەن کۆگرێکی تایبەت بە خۆیەتی.



شیلان عوسمان:

بەهیوام لەئایندەیەکی نزیکدا بەکۆمەڵێک بەرهەمی تازە بەگو ێگرانم شادبمەوە

هێمن ئاری
خانمە هونەرمەندی گۆرانییێژ شیلان عوسمان ،دوای ماوەیەک بێدەنگی لەکاری هونەری ڕایدەگەیەنێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بەچەند بەرهەمێکی تازەوەبەهەوادارانی شاددەبێتەوە.
بۆ ئەوەش شیلان عوسمان دەڵێت: خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم بەم نزیکانە چەند بەرهەمێکی جوان و کلیپێک پێشکەش بەئێوەی خۆشەویست بکەم.هیوا دارم دوای نەخۆشی کۆرۆناو ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە بێمەوە خزمەت ئێوەی خۆشەویست و بە کۆمەڵێک بەرهەم گوێگر و هەوادارانم ئاشنابکەمەوە.



رامی عەیاش پۆستێکی وەزارەتی لوبنانی ڕەت دەکاتەوە

بەهۆی تەقینەوەکەی بەندەری لوبنان زۆرێك لە هونەرمەندو گۆرانی بێژە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە کە نزیك بوون لەشوێنی تەقینەوەکە خانووەکانیان دارماو کەس و کاریان بریندار بوون، رامی عەیاش کە گۆرانیبێژێکی ناوداڕە خێزانەکەی بە هۆی ئەو تەقینەوەیە بریندار بوو دوای دیدارێکیشی رایگەیاند کە گفتوگۆی لەگەل کراوە تاوەکو پۆستی وەزارەتی ڕاگەیاندن لە پێکهاتەی تازەی حکومەتی لوبنانی وەربگرێ، بەڵام ئەو ڕەتیکردۆتەوەو گوتویەتی ئەوە کاری من نییە. شایەنی باسە تەقینەوەکەی لوبنان بە سەدان کەس تێدا کوژران و بە هەزاران بریندارببوون و کاولکاری زۆربەی گەرەکەکانی بەیروتی پایتەختی لێکەوتەوە، حکومەتیش لەو ئاکامەدا ناچاری دەستی لە کار کێشایەوە.



چارەسەری ئاڵۆدەبوونی منداڵ بە یاریە ئەلیکترۆنییەکان

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دونیا و زیاد بوونی هۆکارەکانی گەیاندن و ئاسانکاری بۆ ژیان منداڵانیش بەدەرنین لەم کایە و تێکەڵاوبونیان بەجیهانی نوێ ئاڵوودەبوونیان بە یاریە ئەلیکترۆنییەکان لەڕێگەی مۆبایل و ئایپاد و تابلێت ئەمەش کارەسات دروست دەکات بەتایبەت بۆ ئەومنداڵانەی تەمەنیان لە خوار سێ ساڵیەوە بێت زۆر بەزەحمەت و فێری قسەکردن و دەربڕینی ووشە دەبن هەروەها زیان بەمێشکی منداڵەکان دەگەیەنێت و توشی دابڕان لە ژیانیان دەکات لەجیهانی دەرەوە دادەبڕێن ، هەندێك لەمنداڵان ڕۆژانە زیاتر لە 16کاتژمێر ڕاستەوخۆ (ئۆنلاین) یاریە ئەلیکترۆنییەکان ئەنجام دەدەن .
بۆ چارەسەری ئەم بابەتە هەریەك لە ئێمە دەتوانێت کۆنترۆڵی مۆبایل یان ئایپاد یان تابلێتی منداڵەکەی بکات لە ڕێگەی مۆبایلەکەی خۆی زۆربەئاسانی. بۆ ئەم مەبەستە زۆر پێویستە هەیە بەڵام من تەنها باسی یەك دانەیان دەکەم کەوا فرییەو ئاسانە لەبەکارهێنانی بۆ هەردوو سیستەمی (ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس) بەردەستە، سەرەتا لە مۆبایلی خۆت دەست پێدەکەی بەرنامەی (ourpact) دادەبەزێنێ و داوای ئیمەیڵ و پاسوۆردت لێدەکا بۆ دروستکردنی ئەکاونتێك دواتر دەچیە مۆبایلی منداڵەکەت (our pact jr) دادەبەزێنی پاشان بە هەمان ئیمێڵ و پاسوۆردی ئەو بەرنامەیەش دەکەیتەوە و ئەو شتانەی مەبەستە کاری لەسەر دەکەیت بۆ نمونە دەتەوێت بە تەنها چەندکاتژمێرێکی دیاریکراو کاربکات یان ئەو وێبسایتانەی کەوا شیاو نین بلۆك بکرێن یان دیاری کردنی لۆکەیشن یان شوێنی منداڵەکەت لەگەڵ کۆمەڵێك شتی بە سود .

ئەڵمانیا.. کەمبوونەوەی ڕێژەی لاوان

سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی، ڕێژەی دانیشتوانی گەنج تیایدا کەمی کردووە.

سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠١١ەوە تا ئێستا بەو کەسانەی کە کۆچ دەکەن بۆی لە زیادبووندایە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی گەنج تیایدا کەمی کردووە.لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن فەرمانگەی ئاماری فیدراڵی (Destatis) ەوە بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە ئەڵمانیا کە تا کۆتایی ٢٠١٩ ژمارەی دانیشتوانی ٨٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بوو، ژمارەی گەنجانی نێوان تەمەنەکانی ١٥-٢٤، هەشت ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس بووە.لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە ڕێژەی گەنجان لەناو تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیادا، سەدا ١٠،٣ ە، ئەوەیش کەمترە لە لەسەدا ١٠،٦ کە تێکڕایە لە یەکێتیی ئەورووپادا.هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠١١ەوە تا ئێستا بەو کۆچەی لە دەرەوە رووی تێ کردووە لە زیادبووندایە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی گەنج تیایدا لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا کەمی کردووە. هاوکات لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە وەبیرهێنراوەتەوە کە ١٥ ساڵ لەمەوبەر نۆ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار گەنج کە تەمەنیان لەنێوان ١٥-٢٤ ساڵیدا بوو، سەدا ١١،٨ی ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا.

